کتێبی

# پیرۆزی ئێزیدییەکان

(جیلوە و مەسحەفا ڕەش)

پێشکێشە بە:

- گیانی پاکی هەموو ئەو ئێزیدییە بێ گوناهانەی هەر تەنیا لەبەر ئێزیدیبوونیان بەدەست سوپای داگیرکاران و میر و بەگە کوردەکان شەهید کران.
- بەوانەی کولتوور، مێژوو و ترادسیۆنی ئێزیدیاتی دەپارێزن دیاری و پێشکێشە.

ئەنستاس ماری کەرمەلی

کتێبی

# پیرۆزی ئێزیدییەکان

"جیلوە و مەسحەفا ڕەش"

**د . نەجاتی عەبدوڵڵا**

لە فرەنسییەوە کردوویە بە کوردی،

پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئەنستاس ماری کەرمەلی
کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان "جیلوە و مەسحەفا ڕەش"
وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٢٣
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤٠٧ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد



ئەنستاس ماریی کەرمەلیی
٥- ٨- ١٨٦٦ - ٧- ١- ١٩٤٧

## پێشەکی

هاوزمانە خۆشەویستەکانم،

یەکێک لە سیما هەرە زەق و دیارەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری، دیاردەی فرە ئاینی و فرە مەزهەبییە، کە بەداخەوە ئێمە بۆ خۆمان وەک کورد هەر زۆر کەم بایەخمان بەم لایەنە داوە. یەکێک لەو کۆمیۆنیتە کوردانەی کە بێگانەکان بایەخی یەکجار زۆریان پێ داوە، کە ڕەنگە لە هەموو تایەفە و فیرقە ئاینی یەکانی تر زیاتر سرنج و تێبینیی بێگانەکان، بە تایبەت ڕۆئاواییەکانی بۆ خۆی ڕاکێشابێ، ئێزیدییەکان بن. بە پێچەوانەشەوە ڕەنگە ئەوەی لە هەمووان کەمتر سەرنج و تێبینیی کورد خۆی ڕاکێشابێ، بواری ئاینی بە گشتی و بواری ئێزیدیاتی بێ بە تایبەتی. ڕەنگە ئەمە تاکە یەک شتمان پێ بڵێ ئەویش ئەوەیە بە ڕاستی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەناو ئێمەدا گەلێک زۆر لە دواوەیە. ئێمە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بەوەیە چەند ناوەندێکی تۆژینەوەی زانستیی تایبەت بە ئێزیدیناسی لە یەک یا دوو زانکۆی کوردستان بکرێتەوە و کادیر و پسپۆڕی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ و هەوڵ بدرێ هەموو ئەو نووسین و کتێبانەی لەبارەی ئێزیدییەکانەوە نووسراون بە هەر زمانێک بێ کۆ بکەنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و تێبینییان لەسەر بنووسن و کار لەسەر لایەنە تاریک و حەشارگە زۆر و زەوەندەکانی ئەم ئاینە ڕەسەنەی کورد بکەن. ئەم ناوەندە زانستییانە دەتوانن دەیان و سەدان ئینسیکلۆپیدیای نایاب تایبەت بەم ئاینە ڕەسەنەی کورد بڵاو بکەنەوە.

خوێنەری خۆشەویست،

ئەم کتێبەی بەردەستتان بەرهەمی کارکردنی پچڕپچڕی چەند ساڵێکە و وا

ئەمڕۆ خۆشبەختانە ڕووناکیی بڵاوکردنەوەی بینی و زۆریش بە هیوام ئەم کتێبە ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی زۆر لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی زانستیی تری بەدوادا بێت. ئەم کتێبە بریتییە لە وەرگێڕانی وتارەکەی ئەنستاس ماریی کەرمەلیی[١] کە، ساڵی ١٩١١ لە کۆواری نێودەوڵەتیی ئیتنۆلۆجی و زمانەوانی* Anthropos بەرگی شەشەم، لە ڤییەننا- نەمسا بڵاو کرایەوە. ئەم وتارە دەمێک بوو سرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشابوو. خوا کاری کەرمەلیی ڕاست بکات - ئەگەر ئەم کارەی بە هەر پشتە نیازێکەوە کردبێ - ئەمڕۆ گەنجینەیێکی بێ هاوتای بۆ بەجێهێشتین، کە ئەویش تێکستی ئەسڵی کوردیی هەردوو کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش-ە بە ئەلفوبێی تایبەتیی کوردی. ئێستە کە ئێمە سەرلەنوێ وتارەکەی کەرمەلیی-مان لە فرەنسایییەوە کردووە بە کوردی و هەردوو تێکستی کتێبە پیرۆزەکانیشمان هێنایەوە ناو کتێبخانەی کوردی و بۆ بەردەستی خاوەنی خۆی، زۆر بە هیوام پسپۆڕ و شارەزایەکانمان لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی جیاواز جیاوازی بۆ بکەن و مەلۆی تر بخەنە سەر ئەم کارە و دەوڵەمەندتری بکەن. زۆریش لە نووسیار و لێکۆڵەرەوە ئێزیدییەکان خۆیان دەپاڕێمەوە کە ڕەنگە ئەوان باشتر بۆیان مەیسەر بێ بە شوێن ئەم زانیارییانەدا بچن کە کەرمەلیی تۆماری کردوون و شایەت ئەم وتارە زۆر شتی شاراوەمان بۆ بدۆزێتەوە یان هەر هیچ نەبێ سەرەداوی برێک لە حەشارگەکانمان بۆ سەرواڵا بکات. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە نە ئەنستاس ماریی کەرمەلیی و نە دوکتۆر بیتنەر و نە هیچ کەسێکی تر تا ئێستە کاریان لەسەر تێکستە کوردییەکانی ئەم دوو کتێبە نەکردووە و هەموو ئەوانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە، لێکۆڵینەوەکانیان تەنیا لەسەر تێکستە وەرگێڕاوە عەرەبییەکان بووە. ئێستە کە تێکستە کوردییەکان وا لە بەردەستدان هەقە توێژەرەوەکانمان کار لەسەر ئەم تێکستانە بکەن و

١. بۆ دەقی تەواوی وتارەکە بە فرەنسایی بڕوانە:
: Anastase-Marie, O. Carm., La découverte récente des deux livres sacrés des Yêzîdis. In Anthropos, t. VI, N° 1. Janv-févr.1911, pp. 1-39

* Revue Internationale d'Ethnologie et linguistique

خوێندنەوە و لێکدانەوەی نوێیان بۆ بکەن. هەر لەگەڵ ئەم کتێبە لە پاشبەندی کتێبەکەدا، سکاڵانامەکەی شێخ و پیر و پیاوماقوولانی ئێزیدییان بۆ دەسەڵاتکارانی عوسمانی ساڵی ١٨٧٢ لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز، کە لە ئەستەمبوڵەوە جەنەراڵ محەمەد تاهیر بەگ دەنێرنە مووسڵ تا ١٥٠٠٠ سەربازی ئێزیدی کۆ بکاتەوە[2] کراوەتە پاشبەندی کتێبەکە. لەم سکاڵانامەیەدا ئێزیدییەکان لە سۆنگەی ئیلتیزاماتی ئاینییانەوە داوای بەخشینیان دەکەن لە خزمەتی سەربازی. ئەم سکاڵانامەیە ئێستە لە کتێبخانەی Preusisch Staatsbibliothek بە کۆدی Fol. ٣٧ پارێزراوە. ئێمە ئەم سکاڵانامەیەمان لە کۆواری کۆمەڵەی رۆهەڵاتناسیی ئەڵمانیایی[3] وەرگرت کە کاتی خۆی لە دەستنووسێکدا ساڵی ١٨٨٣ کە بە کۆششی پرۆفیسۆر زاخاو* و لەسەر میزانییەی کەسیی قەیسەری ئەڵمان بۆ کتێبخانەی بەرلین کڕابوو و وتارەکە ساڵی ١٨٩٧ لە لایپزیک لە ژمارە ٥١ی کۆواری ناوبراو بڵاو کرایەوە.

دواجار ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێم ئەم کتێبە بەو نیازە ئامادە کراوە بەشدارییێکی بچووک بێ لە توژینەوەی ئێزیدیناسی و هاندەرێکیش بێ بۆ زۆر لێکۆڵینەوە و بەشوێنداچوونی زانستییانەی تر.

د. نەجاتی عەبدوڵڵا
هەولێر، ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١١

---

٢. بڕوانە:
Nau, F and J. Tfinkdji, Recueil de textes et de documents sur les Yezidis, In Revue de l'Orient Chrétien, 2nd séries, vol. 20, 1915-17, p. 168.

3. Zeitschrift der Deutschen Morgenländischen Gesellschaft

* Sachu

## کورتە باسێکی ئێزیدیناسی

ئێزیدی: ئاینێکی کۆنی یەکتاپەرستییە* و لە هەمان کاتیشدا ناوی گرووپێکی ئیتنیکیشە. دەرکەوتنی وەکو ئیتنییەکی سەربەخۆ دیاردەیەکی ئاڵۆزە کە بەگوێرەی گێڕانەوە ئێزیدییەکان مێژووی وەدیارکەوتنی ئیتنۆگنێزی** ئێزدیایەتی دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی سێیەمی پێش زاین و بەگوێرەی سەرچاوەی تر بۆ سەدەکانی دوازدەم و سێزدەم و بڕێکی تر بۆ سەدەی نۆزدەمی دەگێڕنەوە. سەبارەت بە بنەڕەتی ئێزیدییەکان زۆر بیروڕای جیاواز جیاواز هەیە، لای هەندێک ئێزیدی سەر بە ئایینی زەردەشتییە و لە بڕێک لە تێکستەکاندا پێوەندیی نێوان میرێکی ئێزیدی بە دووەم پاشای ساسانییەکان، شاپووری یەکەم (٢٤٣-٢٧٣) باس دەکەن[٤]. لای بڕێک سەرچاوەی تر ئێزیدیزم کارەکتەری سانکرێتی، ئیسلامی، مەسیحیایەتی و جوولەکایەتیی بەسەرەوەیە. بەڵام تێزی هەرە بڵاو و ناکۆکی ناو زانایەکان بریتییە لە تێزەکەی کوردناسی فرەنسایی رۆژەر لیسکۆ و ئەکادیمی ن. مار. لای لیسکۆ، ئێزیدیاتی سەرچاوەی ئیسلامیی هەیە و ئێزیدیزم لە بنەڕەتدا لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە hérésie و دامەزرێنەرەکەی شێخ ئادی کەسایەتییێکی مێژوویی سەدەی دوازدەم بووە و سۆفییەکی تەواو ئۆرتۆدۆکسی (باوەڕقایمی) سوننی بووە بەڵام لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەر زوو کۆمەڵێک رەگەزی تری بەخۆوە گرتووە و دواجار بە تەواوی خۆی لە ئاینی

---

* monothéiste

** ethnogenèse

4. Planhol, Xavier de, Minorités en Islam : Géographie politique et sociale, Ed. Flammarion, Paris, 1997, p. 179.

ئیسلام جیا کردووەتەوە[٥]. بەگوێرەی تۆژەرەوەی فرەنسایی Michel Chevalier ئێزیدیاتی لە سەدەی سێزدەم و چواردەم ئاینی نەتەوەیی کوردستان بووە و لەناو هۆزە گەورە شەڕوانە کوردەکانی بۆهتانی سەرووی دەجلە و شەنگالدا بڵاو بووەتەوە و دواتر بەرەو باکور بۆ ناوچەکانی گۆلی وان و هەتاوەکو ئازەربایجان و بەرەو شاری خۆی هەڵکشاوە[٦]. هەرچی ئەکادیمیی ن. مارە ئەو لای وایە کە ئێزیدیاتی پاشماوەی ئاینێکی بتپەرستی کوردانەی پێش دەورانی ئیسلامەتییە[٧].

زۆربەی سەرچاوەکان وەدیارکەوتنی ئێزیدییەکان دەگێڕنەوە بۆ دەورانی شێخ ئادی کوڕی موسافیر (دەوروبەری ١٠٧٥-١١٦٠). بەر لەو مێژوونووسیی ئێزیدیاتی هێندە هەژارە کە هیچ وردەکارییەکی تر لە هیچ سەرچاوەیەکەوە تا ئێستە لە بەردەستدا نییە. هیچ دوور نییە ئێزیدی بەر لە سەدەی دوازدەم هەبووبن یا وەکو بە ناوێکی تر هەبووبن بە جۆرێک وەکو ئیتنیێکی جیاواز نەناسراو بن. بەڵام ئەوە تەنیا لە دوای شێخ ئادی کوڕی موسافیر و بە تایبەتیش دوای شێخ حەسەن بوو کە ئێزیدییەکان وەکو ئیتنیێکی سەربەخۆ لەناو سەرچاوەکاندا ئیشارەیان بۆ کراوە. بەگوێرەی سەرچاوە ئیسلامییەکان شێخ ئادی سۆفییەکی گەورە بووە و هەر چوار گۆشەی دنیا گەڕاوە و هاوسەردەم و ناسیاوی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، سوهرەوەردی و حەلوانی بووە. برێک لە سەرچاوەکان شێخ ئادی بە عەرەب و بە خەڵکی بەعلەبەگ دادەنێن کە لە لبنانەوە هاتووە و لە لالش لەناو کوردە ئێزیدییەکان جێنشین بووە. سیوفی، جێگری کونسوڵی فرەنسا لە مووسڵ بە

5. Michel Chevalier, Les montagnards Chrétiens du Hakkari et du Kurdistan septentrional, Ed. Publication du l'Université de Paris Sorbonne, Paris, 1985, p. 84

6. Michel Chevalier, Les montagnards Chrétiens du Hakkari et du Kurdistan septentrional, Ed. de l'Université de Paris Sorbonne, Paris, 1985, p. 84.

٧. ا. م. مینتیشاشڤیلی، کورد: کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی - ئابووری؛ ڕۆشنبیری و گوزەران، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، سلێمانی، لا ٧٥.

پشبەستن بە نووسینەکانی ئیبن خەلەکان لەبارەی تایەفەی عەدەری کە باسی ژیانی شێخ ئادی دەکات نووسیوە شێخ ئادی کوڕی موسافیری کوڕی ئیسماعیل کوڕی موسافیری کوڕی مەروانی کوڕی مەروانی هەکاری. ساڵی مردنی بە ساڵی ٥٥٧ (٥٥٥ بەگوێرەی نووسەری تر) دادەنێ و پاشان بەگوێرەی مێژووی ئەبولبەرەکاتی کوڕی ئەلموستەوفی خاوەنی کتێبی "مێژووی ئەربیل" دەنووسێ کە موزەفەرەدینی سینۆری ئەربیل وتوویە، من منداڵ بووم بینوومە شێخ ئادی بن موسافیر پیرەمێردێکی گەنمی بووە و باڵایەکی مامناوەندیی هەبووە"[٨]. نووسەرێکی تر بەناوی فرانسوا نوو لە وتاری "سەرنجێک دەربارەی مێژوو و ژیانی شێخ ئادی، سەرۆکی ئێزیدییەکان"[٩]. باسێکی کورتی ژیاننامەی شێخ ئادی دەکات کە لای وایە لە بەیت-فار لە نزیک بەعلەبەگ لەدایک بووە و لە تەمەنی ٩٠ ساڵی لەنێوان ٥٥٥ یا ٥٥٧ی کۆچی (١١٦٠ یان ١١٦٢)ی زاینی لە هەکاری لە ڕۆهەڵاتی مووسڵدا مردووە. لەناو حوجرەکەی خۆشیدا نێژراوە. نووسەری ئەم وتارە بەگوێرەی سەرچاوە ئاسوورییەکان دەگاتە ئەو ڕاستییەی کەوا شێخ ئادی ڕەبەن نەبووە و سێ لە کوڕەکانی شێخ ئادی لەلایەن بار هێبرایۆس ناویان هاتووە. بەگوێرەی سەرچاوە ئاسوورییەکان دێرەی مەسیحییەکان لە سەدەی دوازدەمدا سی گوندی هەبووە، ئاسیاو، مێگەلی کاوڕ، بزن، حوشتر و مانگای خۆی هەبووە. باوک و دایکی شێخ ئادی شوانی مێگەلەکانی کڵێسا بوون. باوکی شێخ ئادی کوردێکی taÏrhite[١٠] بووە و لە هاوینان مەڕ و مێگەلی دێرەی بردووەتە زۆزان و لە زستانیش بۆ ناوچەی مووسڵ. شێخ ئادی لە دێرەی مەسیحییەکان گەورە

8. Nicolas Siouffi “Notice sur le Cheikh ‘Adi et la Secte des Yezidis” Journal Asiatique, VIII Série, vol 5,1885, p. 85

9. François Nau, “Note sure la data et la vie de cheikh ‘Adi, chef des Yezidis”. In Revue de l’Orient Chrétien. XIX/2, 1914.

١٠. بەگوێرەی بار هێبرایۆس کوردەکانی taÏrhite هەر بە بتپەرستی و لەسەر ئاینی زەردەشتی ماونەتەوە. ئەو کوردانە نزیکەی ٦٠٠ ڕەشماڵیان هەبووە و زیاد لە هەزار سەرمەڕیشیان هەبووە.

بووه و ئاسووری و عەرەبی فێر بووە و هەموو کاروباری دێرەی بەڕێوە بردووە و ساڵانەش لەگەڵ قەشەکانی دێرە سەردانی قودسی کردووە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوەی بڕێک لە سەرچاوەکان شێخ ئادی کوڕی موسافیر بە عەرەب و خەڵکی بەعلەبەگ دادەنێن، لەوەوە بەهەڵە چوون چونکە دوو شێخ ئادی هەبووە. ئەوەی شێخی ئێزیدییەکان ناوی شێخ ئادی ئەبولوسافیر ئیبن بەرەکات بووە و لە چیایەکانی هەکاری لە کوردستان لەدایک بووە[11] و هیچ پێوەندییەکی بە لبنان نەبووە و سۆفییەکی عەرەبیش نەبووە وەک بڕێک لە سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن. هیچ لۆجیک نییە و ڕێی تێ ناچێ سۆفییەکی عەرەب کە ڕەنگە یەک تاقە وشەی کوردیشی نەزانیبێ توانیبێتی لەناو گرووپێکی ئاوەها داخراوی وەک ئێزیدییەکان کە لە زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجی) زیاتر یەک زمانی تر نازانن قسە بکەن و بە قسەی گیست تا سەرەتای سەدەی بیستەم تەنیا یەک خوێندەواریان هەبووە کە مشوری کتێبی جیلوەی خواردووە[12] و توانیبێتی ببێتە شێخی ڕۆحانی و فریشتەی ئێزیدییەکان. ئەگەر شێخ ئادی عەرەب بوایە ئەوا هەر هیچ نەبوایە کتێبی جیلوە کە زۆربەی سەرچاوەکان بە هی ئەوی دەزانن لە بنەواندا هەر بە عەرەبی دەنووسرا نەک بە کوردی و دواتریش وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی هێندە بە زمانێکی عەرەبی شەق و شڕ تەرجەمە کراوە کە قەت وا پێ ناچێ ئێزیدییەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان تەنانەت یەک عەرەبیشیان لەناودا بووبێت.

---

١١. الامير شرف خان البدليسي، شرفنامة، ترجمة: محمد جميل الملا الروژبياني، الطبعة الثانية، كردستان ٢٠٠١، ص: ٥٣.

12. Izady, mehrdad, The Kurds: A Concise handbook, Ed. Taylor & Francis, 1992, p. 156

## ئێزیدی و ئێزیدیزم

لەناو لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا بە تایبەت لە سەرچاوە رۆئاواییەکان زۆر واتە بۆ وشەی ئێزدی دانراوە. برێک (لە فارسییەوە) بە واتەی (فریشتە)یان لێک داوەتەوە، برێک (وەک لە پەهلەویدا) بە واتەی (لە خـوا چوو)یان لێک داوەتەوە، یان هێندێکی تر (لە سانکریتییەوە) وەک واتەی (شایستەی خزمەتکاری خوایی)یان لێک داوەتەوە. لای ن. مار وشەی (یەزیدی) لە وشەی ئێزدی پارسییەوە هاتووە کە واتەی (خوا) دەگەیەنێ. پرۆفیسۆر Henri Kar-men لای وایە وشەی ئێزیدی هەر تەنیا وەک واتەی (فریشتەپەرستان) تەرجەمە دەکرێ نەوەکوا وەک شەیتانپەرستان هەروەک ئەوەی لای موسڵمانەکان وا هاتووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە وشەی ئێزدی لە وشەی (ئێزی)یەوە ئەم ناوەی وەرگرتووە کە واتەی خوا یان خواوەند دەگەیەنێ.

### ئێزیدی: ئامانجێک بۆ چەوساندنەوە

بەگوێرەی خوێندنەوەی سەرچاوەکان وادیارە بەلای کەمیەوە ئێزیدییەکان هەر لە دەورانی عەباسییەکانەوە تەنگیان پێ هەڵچنراوە و ڕەدوو نراون. ئومەوییەکان لەبەر هەر هۆیەک بووبێت پارێزگارییان لە ئێزیدییەکان کردووە و لەم سۆنگەیەوە ئێزیدییەکان خۆیان بە لایەنگیری خەلیفە یەزد ژماردووە و شێخی ئێزیدییەکان ڕێگەی بە موریدەکانی نەداوە کەوا بە خراپە باسی یەزیدی کوڕی موعاویە بکەن*. دواتر لەوەوە بە هەڵە لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا ناوی ئێزیدییەکان لە ناوی (خواپەرستان)ەوە بوو بە (الیزیدیة)، واتە لایەنگیرانی یەزید. وەک جوگرافیناسی فرەنسایی Planhol زۆر جوانی بۆ چووە کە ڕەنگە ناونانی یەزیدی لەلایەن شیعەکانەوە ئەم ناوەیان بەبەریاندا

* بەداخەوە تا ئێستە مێژووی پێوەندییەکانی نێوان ئومەوییەکان و کورد هیچ لێکۆڵینەوەیێکی ئاوەهای بۆ تەرخان نەکراوە. باسێکی وەک کورد لە سەردەمی ئومەوییەکان لە هەموو ڕوویێکەوە شایانی چەندان لێکۆڵینەوەیە. وەرگێڕ.

براببێت کە تەواو ڕقیان لە خەلیفە یەزید دەبووەوە[13]. لەگەڵ سەرەتای سەدەی پازدەم ئیدی سەرەتای چەوساندنەوەی ئێزیدییەکان دەست پێ دەکات. ساڵی ١٤١٥ میری جەزیرەی سووریا لەشکرکێشی دەکاتە سەر ئێزدییەکان و ناتۆلێرانسی ئیسلامی بەرانبەر بە ئێزیدییەکان ئەوەندە زۆر بووە لەو لەشکرکێشییەدا گڵکۆی شێخ ئادی هەڵدەتەکێن تا دواتر ئێزیدییەکان دووبارە دروستی دەکەنەوە.[14] دواتر لەگەڵ دەسەڵات بەدەست گەیشتنی عوسمانییەکان دیاردەی ئەنتی ئێزیدی و بەناچاری ئیسلامکردنیان فرەوانتر دەبێت و شێوەیێکی سیستماتیک وەردەگرێت، بە تایبەت ڕەشەکوژییەکانی سەدەی حەڤدەم، هەژدەم و نۆزدەم موچڕک بە لەشدا دەهێنن. هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشانەدا مێدیای عوسمانی بۆ ڕەوایی دان بە کوشت و بڕی ئێزیدییەکان ناوی (شەیتان پەرست)یان بە باڵای ئەم گرووپەدا بڕی کە تا ئێستەکەش ئەم ناوەیان هەر پێوە لکاوە. ئەولیا چەلەبی باسی لەشکرکێشییەکانیساڵەکانی ١٦٤٠ و ١٦٥٥ دەگێڕێتەوە و ئێزیدییەکان بە خەڵکی (هەشت سمێڵ) ناو دەبات. چەوساندنەوەی ئێزیدییەکان لە سەدەی حەڤدەم لەلایەن ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە گەیشتووەتە ئاستێک کە بە قسەی س. ژ. لامێن، لە وتاری "گەشتێک بۆ ناو ئێزیدییەکان یان شەیتانپەرستەکان"[15] کە ساڵی ١٩٠٣ بە ڕێگەی ئەسکەندرییە – حەلەب چووەتە ناو ئێزیدییەکان باسی قەتڵوعامی ئێزیدییەکان دەگێڕێتەوە بەدەست تورکەکان و دەگەڕێتەوە سەر مێژووی سەدەی حەڤدەمی ئێزیدییەکان و باسی ئەوە دەکات کەوا باڵوێزی لویسی چواردەم لەلای بابیعالی سەردانی حەلەبی کردووە و چاوی بە سەرۆکی ئێزیدییەکان کەوتووە و شەو بە نهێنی کۆ

---

13. Xavier de Planhol, Minorités en Islam : Géographie politique et sociale, Ed. Flammarion, Paris, 1997, p. 180

١٤. ڤ. ف. مینورسكي، الاكراد: ملاحظات وانطباعات، ترجمة د. معروف خزندار، دار الكاتب، بيروت، ١٩٨٧، ص ٧٨.

15. S. J. Lammens, “Une visite aux Yézidis ou adorateurs du Diable”. In Relations d’Orient, 1929.

بوونەتەوە و سەرۆکی ئێزیدییەکان پێی وتووە ئەگەر فرەنسا سووریا داگیر بکات ئەوا بە ٥٠٠٠٠ ئێزیدی هاریکارییان دەکات. ئێزیدییەکان لە سەدەی هەژدەم ٢٥٠٠٠٠ کەس بوون، ٤٠٠٠ سوارچاک و ٨٠٠٠ سوارەیان هەبووە. لە سەدەی نۆزدەم بوونەتە ٢٠٠٠٠٠ کەس و ٣٠٠٠ سوارچاک و ٦٠٠٠ پیادە. ئۆپەراسیۆنی ڕەشەکوژی ئێزیدییەکان هێندە ترسناک بووە بە جۆرێک لە نیوەی سەدەی نۆزدەمدا تەنیا ٥٠٠٠٠ کەسیان لێ ماوەتەوە[١٦]. هێرشەکانی والیی بەغدا، سلێمان پاشا ١٧٩١ هێندە دڵڕەقانە بووە تەنانەت یەک ئێزیدیی لەودیو چیای شەنگاڵ نەهێشت[١٧]. ساڵی ١٨٠٢ عەلی پاشا، والیی بەغدا هێرشی کردە سەر شەنگاڵ و ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەری لێ کوشتن. سلێمان پاشا ساڵی ١٨٠٩ بە هەمان شێوە. ساڵی ١٨٣٧ ڕەشید پاشا لەگەڵ کۆمەڵێک کورد هێرشی کردە سەر ئێزیدییەکان و هێندەی لێ سەربڕین کە خوێن لەسەر ڕێگەوبانی ئاواییەکان دەڕژا و بەمجۆرە تا ساڵی ١٨٤٥ تەنیا ٥٠٠٠٠ کەسیان لێ مایەوە[١٨]. بەداخەوە میر و بەگە کوردەکانیش بە هەمان شێوەی عوسمانییەکان دەستیان بە خوێنی ئێزیدییەکان سوور بووە و بەشداریی لەشکرکێشییەکانیان کردووە بۆ ئێزیدی کوژی، عەبدوڕەحمان پاشای بابان و هەروەها میری بەناوبانگی جەزیرە و بۆتان، میر بەدرخانی گەورە (١٨٠٩ – ١٨٧٠) لە ساڵی ١٨٣٢ دەستی لە ئێزیدییەکان وەشاندبوو و یەکێک لەو هۆیانەش کە وای کرد بەدرخان بەگ لە کاتی لەشکرکێشیی ساڵی ١٨٤٧ی سوپای عوسمانی ئەو گەرەنتییە ڕەت بکاتەوە کە بۆ بەدرخان پاشایان دابوو، ئەوەبوو کە دەترسا دواتر لەژێر پاڵەپەستۆی ئەوروپاییەکان لە سۆنگەی کارەکانی دژ بە نەستوورییەکان و ئێزیدییەکان پەلکێشی بەردەم دادگە بکرێ[١٩].

---

١٦. الاب انستاس الكرملي. اليزيدية، المشرق، المجلد الثاني، ١٨٩٩، ص ٨٣٤.

١٧. الاب انستاس الكرملي. اليزيدية، المشرق، المجلد الثاني، ١٨٩٩، ص ٨٣٤.

١٨. الاب انستاس الكرملي. اليزيدية، المشرق، المجلد الثاني، ١٨٩٩، ص ٨٣٤.

19. Hasan Gökçe, Portrait d'un Emir kurde, Beder Khan Bey, In Société et cultures musulmans d'hier et d'aujourd'hui, Paris, 1996, p. 79.

بەڵام گورجی لە هەمووان گورجگتربڕ، میری ئەمارەتی سۆران، پاشای کۆرە لە ئێزیدییەکانی وەشاند. بەم شێوەیە لە سەدەی هەژدەم و دواتریش لە سەدەی نۆزدەم کوشتنی ئێزیدیێک لە ئیمپراتۆریای عوسمانی هەقی بە بەهەشت شادبوونی بە موسڵمانان دەبەخشی چونکە لە دیدی دەوڵەتدا " ئێزیدی ئاینێکی بێ کتێب بوو" و لەودیو یاسای ئیسلامەوە بوو.

ساڵی ١٨٤٧ بە دەستپێشخەری دیپلۆماتی بریتانیایی لە کۆنستانتینۆپڵ، بابیعالی ئیعتیراف بە ئاینی ئێزیدی دەکات و لە خزمەتی سەربازییان ڕەها دەکات[٢٠]. ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٤٩، شێخ یوسف وەک نوماینەدەی ئێزیدییەکان بۆ پاڕانەوە لە ئازادبوونیان لە خزمەتی سەربازی دەچێتە لای بەرپرسانی ئیمپراتۆریای عوسمانی و سەردانی کۆنستانتینۆپڵ دەکات و نامەیەک دەداتە سەدری ئەعزەمی عوسمانی[٢١]. دەوڵەتی عوسمانی داواکەیان قەبووڵ دەکات بەڵام لە ساڵی ١٨٧٢ دووبارە ئەم لە خزمەتی سوپا بەخشینەیان لێ هەڵدەوەشێننەوە[٢٢]. لەگەڵ داواکردنەوەی ئێزیدییەکان بۆ خزمەتی سەربازی، ساڵی ١٨٧٢ کۆمەڵێک لە پیاوماقووڵانی ئۆڵی ئێزیدی سکاڵانامەیەک ئاراستەی دەسەڵاتکارانی بابیعالی دەکەن و لەو نامەیەیاندا لە چواردە خاڵ پرەنسیپەکانی ئاینی خۆیان ڕوون کردووەتەوە کەوا سیستمی ئاینیان ڕێگرە لەوەی بتوانن خزمەتی سەربازی بکەن[٢٣]. وا دیارە هەموو هەوڵەکانی

20. Parry, Oswald,-B.A., Six months in a Syrian monastery, being the record of a visit to the head quarters of the Syrian church in Mesopotamia, with some account of the Yazidis or devil worshippers of Mosul and El Jilwah, their sacred book, London, Horace. Cox : 1895 p. 358

21. Guest, John S., Guest, The Yezidis: A Study in Survival, Ed. KPI, London & New York, 1987, p. 208

٢٢. بڕوانە:
Lescot, R., Enquête sur les Yezidis de Syrie et du Djebel Sindjar. Mémoires de l’Institut français de Damas : [Institut français de Damas], 1938, p. 126.

٢٣. دەقی تەواوی ئەم سکاڵانامەیە بە کوردی لە پاشبەندی ئەم کتێبە بڵاو کراوەتەوە. وەرگێڕ

دیپلۆماتە ئینگلیزەکان نەیانتوانی پرۆسەی لەشکرکێشی بۆ سەر ئێزیدییەکان بوەستێنن. لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٨٩٢ کۆلۆنێل عومەر پاشا لەسەر داوای سوڵتانی عوسمانی و بە بیانووی چەند ڕیفۆرمێک لە ناوچەی مووسڵ هێرشی کردە سەر ئێزیدییەکان و دوای کوشت و کوشتارێکی زۆر ١٥٠٠٠ ئێزیدیی لێ بە دیل گرتن. عومەر پاشا سەرەتا کوڕەکەی خۆی نارده شەنگاڵ تا داوایان لێ بکات موسڵمان بن و واز لە ئایینی خۆیان بهێنن. بە گوێرەی ڕۆجەر لیسکۆ ئێزیدییەکان لەنێوان ساڵەکانی ١٦٤٠ تا ١٩١٠ بیست کوشتاری گەورەی کۆمەڵکوژییان لێ کراوە[٢٤]. دوایەمین هێرشی سوپای عوسمانی لە دوا دواییەکەی ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوو هەر تەنیا دوو مانگێک بەر لە خۆبەدەستەوەدانی بابیعالی و ڕاگەیاندنی ئاگربەستی مۆدرۆس بوو.

## ئێزیدی و ئەهلی هەق: پرسی دروستبوونی گەردوون

تا ئێستە لە لێکۆڵینەوەکاندا دیاردی بۆ پێوەندیی نێوان ئایینی ئێزیدی و فیرقەی ئەهلی هەق نەکراوە، ئەو باسەی کە دەکرێ چەندان لێکۆڵینەوەی دوور و درێژی بۆ تەرخان بکرێ. ڕەنگە یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئایینی ئێزیدی و ئەهلی هەق ئەوە بێت کە هەردووکیان ئەگەر پاشماوەی ڕاستەوخۆی ئاینی زەردەشتیش نەبن ئەوا کۆمەڵێک توخم و بنەمای زۆری زەردەشتایەتیان پاراستبێ کە جۆرە نزیکایەتییەک لەنێوان هەردووکیاندا دیاری دەکات. من لێرە تەنیا ئەو دەرفەتەم هەیە کە چەند سەرەقەڵەمێکی درشت بخەمە سەر کاغەز و لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی ئەم بابەتە بۆ خەڵکانی شارەزاتر لەم بوارە جێ دەهێڵم.

پێم وایە نزیکی گەورەی ئێزیدیاتی و ئەهلی هەق لەبارەی مەسەلەی دروستبوونی گەردوون و برێک لە باوەڕە ئاینەکانیان سەرچاوە دەگرێ. بە گوێرەی مەسحەفا ڕەش (٢٨- پێش ئەوەی ئاسمان و زەوی دروست ببێ، خوا

24. Izady, mehrdad, The Kurds: A Concise handbook, Ed. Taylor & Francis, 1992, p. 157

لەسەر زەریایەکاندا هەبوو. پاپۆڕێکی دروست کردبوو کە بە هەوەسی خۆی پیاسەی بۆ هەموو لایەک دەکرد)[٢٥]. بە هەمان شێوە لای ئەهلی هەق زەریا توخمێکی سەرەکییە و بەر لە دروستکردنی گەردوون زەریا بە تەنیا لەگەڵ خوا هەبووە[٢٦]. بە هەمان ئەو شێوەیەی لای ئەهلی هەق خوا حەوت فریشتەی لە یەکەم رۆژدا دروست کردن و میکایل سەرۆکی فریشتەکانە. هەمان شت لای ئاینی ئێزدی بە جیاوازیی ئەوەی خوا لە هەفتەیەکدا هەر رۆژە و فریشتەیەکی دروست کردووە و لێرەدا مەلیک تاوس وەکو میکایل لای ئەهلی هەق سەرۆکی فریشتەکانە. لە میتۆلۆجیای دروستبوونی گەردوون لای ئەهلی هەق خوا داوای لە جوبرایل کردووە تا خۆڵی بۆ بهێنێ و مرۆڤی لێ دروست بکات، بەڵام جوبرایل ڕازی نەبووە و دواتر عیزرایل ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ[٢٧]، بە هەمان شێوە لە مەسحەفا رەش خوا فرمان بە جوبرایل دەکات کەمێک خۆڵی بۆ بهێنێ، بەڵام لە مەسحەفا رەش جوبرایل گوێڕایەڵی دەکات، (با)، ئاگر و ئاو تێکەڵ بە خۆڵەکە دەکات و بەم شێوەیە هەوەڵین مرۆ دروست دەکات. لە تیۆریای دروستبوونی گەردوون لای ئەهلی هەق حەوت زەوی و حەوت ئاسمان هەیە[٢٨]، بە هەمان شێوە لە مەسحەفا رەش خوا حەوت ئاسمان، زەوی، خۆر و مانگی دروست کردوون. بە گوێرەی تەزکەری ئەعلا لای ئەهلی هەق خوا مروارییەک دروست دەکات و لەناو مروارییەکە پێنج شێوەی خۆی تێدا وەدیار دەخات.[٢٩] بەهەمان شێوە لە مەسحەفا رەش خوا هەوەڵ جار مروارییەکی گەورەی سپی لە زاتی خۆی دروست دەکات.[٣٠] جگە لەوە بیرۆکەی پۆشاکپۆشی (تەجەللی) لەناو هەردوو ئایندا هەیە و لای ئەهلی

---

٢٥. بڕوانە تێکستی مەسحەفا ڕەش لەم کتێبەدا: لا ٨٣.

26. Mohammad Mokri, Recherches de Kurdologie: Contribution scientifique aux études iraniennes, Paris, Ed. Librarie Klincksiech, 1970, P. 217.

27. Mohammad Mokri, Recherches de Kurdologie…op.cit, P. 218.

28. Mohammad Mokri, Recherches de Kurdologie…op.cit, P. 220.

29. Mohammad Mokri, Recherches de Kurdologie…op.cit, P. 214.

٣٠. دەکرێ مرۆڤ لێرە دوور لە تەنیا روانینە وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی مەسحەفا=

هەق زیاتر بە واتەی پاداشتدانەوە یا پەشیمانبوونەوەی ژیانی پێشووتر دەگەیەنێ. کەچی لە جیلوەدا پۆشاکپۆشی پاداشتدانەوەیە بۆ دووبارە تێهەڵچوونەوە بۆ ناو ژیان. من پێم وایە پێوەندیێکی نزیک لەنێوان ئەهلی هەق و ئێزیدیایەتی هەیە. ئیڤانۆڤ لە شیراز دەستنووسێکی ئەهلی هەقەکانی دۆزیوەتەوە کە ئیشارە بە مەلیک تاوس دەکات[٣١]، جگە لەوە مرۆڤ دەتوانێ زۆر توخمی هاوبەش لەنێوان هەردووکیاندا ببینێتەوە، بۆ نموونە رۆژووگرتن، چ ئێزیدییەکان و چ ئەهلی هەقەکان هەر تەنیا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن. من لێرە هەر بەوەندە دەستبەردار دەبم و زۆر بەهیوام چەند پسپۆڕێک خۆیان بۆ بەراوردکارییەکی ئاوەها تەرخان بکەن.

## ئێزیدیناسی

بەگوێرەی زانیاری و سۆراغەکانی ئێمە، یەکەم کەسێک لە ئەوروپاییەکان زانیارییان لەبارەی ئێزیدییەکانەوە بە دەستەوە دابێت Michel Febvre بووە لە کتێبی[٣٢] Teatro della Turchia کە ساڵی ١٦٨١ لە میلانۆ بە زمانی ئیتاڵیایی چاپ کراوە و لە لاپەڕەکانی ٢٥٢ تا ٢٦٩ زانیاری و ڕاگەیاندن لەبارەی ئێزیدییەکان بە دەستەوە دەدات و وەک " شەیتانپەرست" باسیان دەکات. شایانی گوتنە نووسیار لەم کتێبەی خۆیدا نکوولّی لەوە دەکات کە ئێزیدییەکان هیچ کتێبێکی ئاینیان هەبێت. دوای ئەوە دۆمینیکە ئیتاڵییەکانی مسیۆنی مووسڵ بایەخ بە ئێزیدییەکان دەدەن و P. Lanza ساڵی ١٧٦٩

---

=ڕەش بەو ئەنجامە بگات کە چ جیلوە و چ مەسحەفارەش لەنێوان سەدەکانی یازدەم و سێزدەمدا نووسراون.

٣١. بڕوانە چەند باسێک لەبارەی ئەهلی هەقەوە، وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٧٢.

٣٢. شایانی وتنە ئەم کتێبە هەر ساڵێک دوای بڵاوبوونەوەی چاپە ئیتاڵییەکەی لەلایەن نووسەرەکەیەوە خۆی کرایە فرەنسی و لە پاریس بڵاو کرایەوە. بڕوانە:
Cf. Théâtre de la Turquie, Traduit d'italien en français ; par son auteur le Sir Michel Febvre, Paris, 1682.

تێبینیی ئەوە دەکات کە ئێزیدییەکان شەیتانیان لەلا پیرۆزە و باوەڕیان وایە نەوەی مانیەکانن. دواتر گارزۆنی ١٧٨١ پێوەندیی لەگەڵ یەزیدی یەکەم هەبووە[٣٣] و ساڵی ١٨٠٧ بە ئیتاڵیایی وتارێکی لەبارەی ئێزیدییەکانەوە نووسیوە.[٣٤]

لەگەڵ دەستپێکی سەدەی نۆزدەم و لەگەڵ تەواو هەڵکشانی ئەوروپاییەکان بۆ ناو ڕۆهەڵات و بڵاوبوونەوەی مسیونێر و نێردە ئاینییەکان بەناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، دەبینین لە هەموو گرووپە ئیتنییە ئاینییەکانی تر زیاتر سەرنجیان بۆ لای ئێزیدییەکان چووە. Campanille لە کتێبەکەی خۆیدا کە ساڵی ١٨١٢ لە ئیتاڵیا بە زمانی ئیتاڵیایی چاپ کراوە بەشێکی کتێبەکەی[٣٥] بۆ ناسین و بیروباوەڕی ئێزیدییەکان تەرخان کردووە. لەوە بەدواوە بۆ ماوەی نزیکەی سی ساڵ هیچ زانیاری و گوتارێکی تر کە شایەنی باسکردن بێت لەبارەی ئێزدییەکانەوە بەرچاو ناکەوێ تاوەکو Forbre, F ساڵی ١٨٣٨ گەشتێکی شەنگاڵ دەکات و گەشتنامەکەی خۆی لە کۆواری

33. Bois, Thomas, Les yézidis : essai historique et sociologique sur leur origine religieuse, In Al-Machriq, n° 55, 1961, p. 112.

٣٤. بۆ دەقی وتارەکە بە ئیتاڵیایی بڕوانە:
Garzoni, Maurizio, O.P., Della Setta delli Jazidij. In Abat Domenico Sestini, Viaggi e opuscoli diversi, Berlin, 1807, pp. 203-12

بۆ وەرگێڕاوی فرەنسایی هەمان وتار بڕوانە:
M*** (Rousseau), Description du Pachalik de Bagdad, suivi d'une notice historique sur les wahabis et de quelques autres pièces relatives à l'histoire et à littérature de l'Orient. Paris, 1809, (Notice sur les Yézidis), pp. 183-210

٣٥. بۆ دەقی کتێبەکە بە ئیتاڵیایی بڕوانە؛
Campanile, G, O.P., Storila della regione del Kurdistan e delle sette di religions ivi estistenti, Napoli, 1818, cap. IV. Habitanti del Kurdistan, p. 146-165

بۆ وەرگێڕاوی فرەنسایی هەمان کتێب بڕوانە؛
Campanile, G, O.P., Les habitants du Kurdistan : Les Yézidis. In Histoire du Kurdistan, traduit de l'italien par le P.P. Thomas Bois, O.P, Ed. L'Harmattan, Paris, pp. 95-106.

کۆمەڵەی شاهانەی جوگرافیایی بڵاو دەکاتەوە[36] و لەوێ بیستوویە کە ئێزیدییەکان کتێبێکی ئاینیان هەیە بە ناوی مەسحەفا رەش کە هی شێخ ئادی خۆیەتی. رەنگە یەکەمین هەوڵی راستەقینەی ناسینی ئێزیدییەکان لەلایەن ئارکیۆلۆگ و دیپلۆماتی بەریتانیایی هێنری لایارد بووبێت کە ساڵی ١٨٤٩ لە کتێبەکەی خۆیدا گەلێک زانیاریی بە کەڵکی لەبارەی جەژنە ئاینییەکانی ئێزیدییەکانەوە تۆمار کردووە[37].

دوای لایارد، ساڵی ١٨٥٢ لە لەندەن مسیۆنێری ئەنگلیکان Badger لە کتێبەکەی خۆیدا زۆر چەمکی ناڕاست و نادروستی لەبارەی ئێزیدییەکانەوە بڵاو کردەوە کە دواتر بوون بە سۆنگەی زۆر بیروڕای چەوت و نا دروست[38].

دوای Badger لە ساڵی١٨٦١ ئانیسۆرس باسێکی لەبارەی بنچینەی ئاسووریبوونی ئێزیدییەکانەوە نووسی و دەیانباتەوە سەر ئاسوورییەکان. بەم شێوەیە تا ساڵی ١٨٨٠ هیچ هەوڵێکی تر نەبووە بۆ ناسینی ئێزیدییەکان، لەنێوان ساڵەکانی ١٨٨٠ – ١٨٨٥ سیوفی، جێگری کونسوڵی فرانسا لە مووسڵ لە سێ وتاری نایابدا کە زۆربەی زانیارییەکانی لە ناوچەکە کۆ کردبووەوە لە گۆواری ئاسیەویدا Journal Asiatique بڵاوی

36. Forbes, F., A Visite to the Sinjar Hills in 1838, with some account of the Sect of the Yezidis and of various places in the Mesopotamia Desert, between the River Tigris and Khabur, In Journal of the Royal Geographical Society 9, 1839, pp. 409-430.

37. Layard, A.H., The Yezidis. In Nineveh and its Remains with an Account of a Visit to the Chaldaean Christians of Kurdistan, and the Yezidis, or Devil-Worshippers; and an Enquiry into the Manners and Arts of the Ancient Assyrians, Vol I, 1849, London: John Murray, pp. 225-266.

38. Badger, G. P., Yezeedees. In The Nestorians and their Rituals with the Narrative of a Mission to Mesopotamia and Coordistan in 1842-1844 and of a Late Visit to these Countries in 1850; also, Researches into the Present Condition of the Syrian Jacobites, Papal Syrians, and Chaldeans, and an Inquiry into the Religious Tenets of the Yezedees, I. London: Joseph Masters, 1852, pp. 105-134.

کردنەوە[٣٩] کۆمەڵێک زانیاریی نوێ لەبارەی ئێزیدییەکان بە دەستەوە دەدات. ئەوروپاییەکان دەیانزانی ئێزیدییەکان کتێبی ئاینیی تایبەت بە خۆیان هەیە[٤٠] لەم ڕوانگەیەوە گەلێک هەوڵیان دا دەستیان بە کتێبی ئاینییان ڕابگات بەڵام سەرنەکەوتن. تەنانەت لایارد کاتێک لەناو ئێزیدییەکان بووە دزیشی تەرخان کردووە کتێبەکانی بۆ بدزێ، بەڵام هەموو ئەمانە هیچیان لێوە شین نەبوو. ساڵی ١٨٨٤، کونسوڵی ڕووسیا یو. س. کارتسۆف باسێکی لەبارەی ئێزیدییەکانەوە بە زمانی ڕووسی نووسی و لەوێدا نووسیوویە کە ئەو چاوی بە بڕێک لە کتێبی جیلوە کەوتووە و دواتر بە یاریدەی جێرمیا شامیر Jeremiah Shamir بەشێکی لەو کتێبە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی و دواتر شەرحێکی نزیکەییی ناوەڕۆکی کتێبی مەسحەفا ڕەشی کردووە[٤١]. ئاداری

٣٩. بۆ هەرسێ وتارەکە بڕوانە؛

1- Siouffi, N., Une courte conversation avec le chef de la secte des Yézidis ou les Adorateurs du Diable», In Journal Asiatique, 7: 18: 1880, pp. 78-83.
2-Siouffi, N., Notice sur la secte des Yezidis, In Journal Asiatique, VII Série, vol. 19, 1882 pp. 252-68.
3- Siouffi, N., Notice sur le Cheikh 'Adi et la Secte des Yezidis, Journal Asiatique, VIII Série, vol. 5,1885, pp. 78-100.

٤٠. لایارد و بادجەر هەردووکیان کتێبی ئێزیدییەکانیان بینیبوو بەڵام نەیانتوانیبوو بندەستیان بخەن، بڕوانە؛

Menant, Joachim (1820-1899), Les Yézidiz : épisodes de l'histoire des adorateurs du diable, Paris : E. Leroux, 1892 p. 105.

٤١. ڤ. ف. مینورسکي، الاکراد: ملاحظات وانطباعات، ترجمة: د. معروف خزندار، دار الکاتب، بیروت، ١٩٨٧ ص ٧٦، کارتسۆڤ دەنووسێ گوایە ١٨٨٤ جارێکیان هاوەڵی پیرس بادجەری کردووە بۆ لای ئێزیدییەکان و توانیویانە ئەو هێندە شەراب بدەنە شێخ ناسر تا ڕادەی سەرخۆشبوون و ڕازییان کردووە کتێبی جیلوەیان پێ نیشان بدات. وەختایەک شێخ خەوی لێ کەوتووە توانیویانە چەند لاپەڕەیەکی لەبەر هەڵبگرنەوە، بەڵام بادجەر ئەو سەربووردەیە دووپات ناکاتەوە، بڕوانە؛

Guest, John S., Guest, The Yezidis: A Study in Survival, Ed. KPI, London & New York, 1987, p.145

١٨٩١، مسیۆنێری ئەمەریکایی ئەلفێنز. ن، ئاندروز لە ئینسیکلۆپیدیای مسیۆنی ئەمەریکاییدا وتارێکی لەبارەی ئێزیدییەکانەوە بڵاو کردەوە و بۆ یەکەم جار تەرجەمەیەکی وشە بە وشەی چەند دەقێکی کتێبی جیلوە و مەسحەفا رەشی بە ئینگلیزی بڵاو کردەوە بێ ئەوەی سەرچاوەی کتێبەکان دەستنیشان بکات[٤٢]. ئۆ. هـ. پاری ساڵی ١٨٩٢ وەختایەک مووسڵ بەجێ دەهێڵێ تا بگەڕێتەوە ماردین، کتێبێکی دەستنووسی چکۆڵە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ کە سکاڵانامەکەی ساڵی ١٨٧٢ و هەردوو تێکستی عەرەبیی کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەشی تێدا بووە کە دواتر ساڵی ١٨٩٥ بۆ یەکەم جار E. G .Browne لە ڕووی دەستنووسی ناوبراو هەردوو تێکستی کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەشی لە پاشکۆی کتێبەکەی مسیۆنێری ئینگلیزی O. H Parry. بە وەرگێڕانی ئینگلیزی و لێکدانەوە بڵاو کردەوە.[٤٣] شایانی باسە ئەم دەستنووسە شوباتی ساڵی ١٨٩٤ بە ٣٠ فرەنک دەفرۆشرێتە کتێبخانەی نیشتمانی لە پاریس و ئێستە ئەم دەستنووسە بە کۆدی BNF. MS. 324 لە هەمان کتێبخانەی ناوبراو پارێزراوە. دوو ساڵ دواتر (١٨٩٦) ژان پاتێست شابۆ لە ڕووی دەستنوسێکی ئاسوورییەوە کە کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس لە مووسڵ وەچنگی خستبوو و ئێستەش لەم کتێبخانەیە پارێزراوە کورتە باسێکی مێژووی کۆنی ئێزیدییەکان دەگێڕێتەوە و باسی شێخ ئادی و دۆگمە ئاینییەکانی ئێزیدیاتی دەکات[٤٤].

ساڵی ١٩٠٩ دوکتۆر عیسا جۆزێف Isya Joseph لە کۆواری The American Journal of Semitic Languages and Literatures بەرگی ٢٥دا لە وتارێکی دوور و درێژدا بۆ یەکەم جار تێکستی هەردوو کتێبی ئاینی

42. Guest, John S., Guest, The Yezidis: A Study in Survival.....op.cit, p. 143.

43. Browne, E, G., The Yazidis of Mosul. Appendix to Parry, O. H. -b., Six months in a Syrian monastery, London, H. Cox : 1895, pp. 357-387.

44. Chabot, Jean-Baptiste (1860-1948), Notice sur les Yezidis, publiée d'après deux manuscrits syriaques de la Bibliothèque nationale et traduite par M. J.-B. Chabot, Paris, Impr. Nationale. In JA, Série 9, Tom 7, 1896, pp. 100-132.

ئێزیدییەکان بە عەرەبی لەگەڵ چەند پاشکۆیێک کە بریتیبوون لە حەکایەتێک لەبارەی کۆچک و ستایشی شێخ ئادی و بڕێک بابەتی تر کە لە مووسڵ لە دەستنووسێک ساڵی ١٨٩٨ لەلایەن داود الصایغ-وە بەردەستی خستبوو بە شەرح و وەرگێڕانی ئینگلیزییەوە بڵاوی کردەوە[٤٥].

جێگری کونسوڵی فرەنسا لە مووسڵ، لیۆن کراژوسکی Léon Krajewski لەنێوان ساڵەکانی ١٩٠٣ تا ١٩٠٦ بایەخ بە ئێزیدییەکان دەدا و زیارەتێکی لالشی کرد و ئەویش گوێبیستی ئەوە بووبوو کە ئێزیدییەکان کتێبخانەیەکیان لەسەر چیای شەنگاڵ هەیە. وێڕای پێوەندیی بەتینی لەگەڵ یەکێک لە سەرۆکە ئێزیدییەکان کەچی هیچی بەردەست نەکەوت[٤٦].

ساڵی ١٩١١ بۆ یەکەم جار لە سایەی ئەنستاس ماریی کەرمەلیی بۆ یەکەم جار وەرگێڕانی فرەنسایی هەردوو کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش لەگەڵ تێکستی ئەسڵیی هەردوو کتێبەکە بە ئەلفوبێی تایبەتی کوردی ئێزیدییان بڵاو کردەوە و کۆمەڵێک زانیاریی تازەشی خستنە ڕوو. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەنستاس ماریی کەرمەلیی کە لە ڕێگەی حەبیب ناوێکی خوازراو و کۆنە

٤٥. نووسیاری ئەم وتارە عیسا جۆزێف موکسی کاهینی ئاسووری، ساڵی ١٨٩٨ بەماڵ و منداڵەوە پەڕیوەی ئەمەریکا دەبێ بەر لە سەفەرەکەی داوود ئەلسایغ لە مووسڵ دەستنووسێکی عەرەبی پێشکێش دەکات کە وەرگێڕدراوی عەرەبیی هەردوو کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان و چەند لاواندنەوەیەک بۆ شێخ ئادی تێدا بووە... هتد جۆزێف ساڵی ١٩٠٧ لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بروانامەی ماستەری لەسەر بابەتی (ئێزیدییەکان – شەیتانپەرستان: کتێبی پیرۆزیان و داوونەریتیان) پێشکێش بەزانکۆی کۆڵۆمبیا دەکات. ئەم وتارە هەر هەمان ماستەرنامەکەیەتی وێڕای بڵاوکردنەوەی دەقە عەرەبییەکان. هەر هەمان ئەم وتارە دە ساڵ دواتر بەوەلاتانی بەشە عەرەبییەکە و لێکدانەوەی ئاینی ئێزیدی وەکو کتێبێکی سەربەخۆ بڵاو کرایەوە. بڕوانە؛

Joseph, Isya, Devil-Worship: the sacred books and traditions of the Yezidis. Studies on the origin and traditions of the devil-worshippers. 1919, Boston: Badger

46. Guest, John S., Guest, The Yezidis: A Study in Survival…….op.cit, p. 153.

کتێبخانەوانی ئێزیدییەکان کە لە ئاینی ئێزیدی هەڵگەڕابووەوە و بووبووە مەسیحی، گوایە کتێبەکان ئەو هێندە بە نهێنی هەڵگیراون کە ئەستەمە بزانرێ لە کوێن. کتێبەکان لەگەڵ کۆمەڵێک کتێبی تر بە زمانی جیاجیا لەناو سندووقێکی شاراوە لەناو ئەشکەوتێکی چیای شەنگاڵدا شاردراونەتەوە[٤٧] و تەنیا سێ کەس کلیلی سندووقی ئەو کتێبانەیان لابووە کە ئەوانیش: سەرۆکی ئاینی، سەرۆکی دنیایی و کتێبخانەوانن. کتێبخانەوان ئەرکی ئەوی پێ سپێردراوە هەر شەش مانگ جارێک کتێبەکان بۆ ماوەیێک بخاتە بەر خۆر. بە قسەی ناوبراو ئەم کتێبانە زۆر کۆنن و هی دەورانی یەکەمی مەسیحییەکانن. دوایی ئەنستاس ماریی کەرمەلیی خوا کاری ڕاست بکات توانیویە یەکێک لە کتێبخانەوانەکان کە ناوی حەمۆ بووە بە پارەیەکی زۆر ڕازی بکات تا کۆپییەکی کتومتی هەردوو کتێبەکە وەبندەستبخات و دواتر لە کۆواری ئانترۆپۆس Anthropos ساڵی ١٩١١ لەگەڵ وەرگێڕانە فرەنسییەکە هەردوو تێکستە کوردییە ئەسڵییەکەی کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش-یشی بڵاو کردووەتەوە و گەنجینەیەکی بەهاداری بۆ ئێمە پاراست کە ئەگەر بە هەر نیازێکەوە کرابێت شایانی هەموو ڕێز لێنان و پەسنێکە.

ساڵی ١٩١٦مینگنە Mingana لە وتاری (شەیتانپەرستان: بیروباوەڕیان و کتێبی پیرۆزیان)[٤٨] زۆر بە توندی رەخنە لە شەماس جێرمیا شامیر و

٤٧. کەس نازانێ داخۆ ئەو سندووقە پیرۆزەی کە کتێبە ئاینەکانی ئێزیدییەکان و کۆمەڵێک کتێبی تری بە زمانە جیاجیاکان تێدا بووە و بە قسەی کەرمەلیی (لە زاری حەبیب دەیگێڕێتەوە) گوایە مێژووی ئەم کتێبانە دەگەڕێنەوە بۆ دەورانی یەکەمی مەسیحایەتی لە کوردستان چییان بەسەر هاتووە؟ ئاخۆ بوونەتە خۆراکی مشک و مار یان تا ئێستە هەر شاراوەن و کەس بۆی نییە توخنیان بکەوێ؟ یاخۆ ئەم کتێبخانەیە هەر لە بنەواندا بوونی نەبووە و بە هەر نیازێکەوە بێت دەمگۆیێکی هەڵبەستراو بوو؟

48. Mingana, A. "Devil-Worshippers: their Beliefs and their Sacred Books". The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, 1916/XV, pp. 505-526.

ئەنستاس ماریی کەرمەلیی دەگرێ و گاڵتەی بەوە دێ کە ئەم فیرقە نەخوێندەوارە چۆن کتێبخانەوانیان هەبووە، میگنە بەو ئەنجامە دەگات کە نووسیاری عەرەبیی کتێبە ئاینییەکانی ئێزیدییەکان شەماس جێرمیا شامیری لەدایکبووی عەنکاوەی ئەدیابین و هەڵاتووی دێرەی ئەلقوش بووە کە بەر لە دە ساڵ (واتە ساڵی ١٩٠٦) دوای تەمەنێکی درێژ کۆچی دوایی کردووە و بە قسەی میگنە، نووسیاری ئەم تێکستانە وێرای ئەوەی بە عەرەبی نووسیوونی، بەڵام بە ئاسووری بیری کردووەتەوە[٤٩].

ساڵی ١٩٢٧ ئا، ئا، سیمیۆنۆڤ لە ڕووی وەرگێڕاوە ئینگلیزییەکەوە کردوونی بە رووسی، ساڵی ١٩٣٠ Giuseppe Furlani هەردوو کتێبی پیرۆزی ئێزدییەکان دەکاتە ئیتاڵیایی و لەگەڵ لێکۆڵینەوەیێکی تێروتەسەل بەسەریەکەوە لە بۆلۆنا بڵاویان دەکاتەوە[٥٠].

بە عەرەبییش کەس نازانێ ئەم کتێبانە لە چ سەردەم و دەورانێکدا تەرجەمەی عەرەبی کراون، بە شیمانەی بەهێز لە سەدەی نۆزدەمدا لەلایەن ئێزیدییەکان خۆیانەوە کراونەتە عەرەبی و دواتر "عباس العزاوي، عبدالرزاق الحسيني و صديق الدملوجي" و زۆری تر کەم و زۆر هەمان تێکستیان بە عەرەبی بڵاو کردووەتەوە.

## مێژووی نووسینی کتێبی جیلوە و مەسحەفا ڕەش

تا ئێستەکە ساغ نەبووەتەوە داخۆ کێ کتێبی ئێزیدییەکانی نووسیوە؟ لە کام سەردەمدا نووسراون. ئاخۆ دانەری هەردوو کتێب یەک کەسن یا دوو کەسی جیاواز؟

ئەم پرسانە تا ئێستە یەکلایی نەبوونەتەوە و لەناو لێکۆڵینەوەکاندا بیروڕای

---

٤٩. بۆ زانیاریی بە داوێنتر لەمبارەیەوە بڕوانە؛

Guest, John S., Guest, The Yezidis: A Study in Survival….op.cit, p.156.

50. Furlani, Giuseppe., Testi Religiosi dei Yezidi, Testi e Documenti per la Storia delle Religioni, Bologna, 1930, pp. 71-91.

جیاواز جیاواز هەیە. کوردۆیڤ لای وایە هەردوو کتێبەکە نووسراوی شێخ ئادی-ین و لە سەدەی یازدەم یا دوازدەمدا نووسراون. مسیۆنێری ئامریکایی ئەنریوز[٥١] لە وتارەکەی خۆیدا لە ئینسیکلۆپیدیای مسیۆنی ئەمەریکایی چاپی ساڵی ١٨٩١ مێژووی نووسینی کتێبی جیلوەی بە ٥٥٨ هـ = ١١٦٣ی زاینی داناوە کە ئەو مێژووە لە مردنی شێخ ئادی نزیکە. هەرچی بۆ مەسحەفا ڕەشە ئەوا ساڵی ٧٤٣ هـ = ١٣٤٢- ١٣٤٣ی داناوە کە تەواو سەت ساڵ دوای مردنی شێخ حەسەن دێت (٦٤٤ ت-١٢٤٦ زاینی)[٥٢].

هەرچی ئۆ. ڤیلچڤسکییە لای وایە هەردوو کتێبە پیرۆزەکە لە سەدەی حەڤدەمدا نووسراون. نووسەرە خۆوەڵاتییەکانی وەک عەباس ئەلعەززاوی، شاکیر فەتاح و ڕەشاد میران لایان وایە ئەم کتێبانە لە سەدەی نۆزدەمدا نووسراون. بێگومان ئەم بەڕێزانەی کە دەڵێن ئەم کتێبانە لە سەدەی نۆزدەمدا نووسراون هەر تەنیا لەسەر وەرگێڕاوە عەرەبییەکان ئەو حوکمەیان داوە بێ ئەوەی بەوە بزانن کە وەرگێڕاوە عەرەبییەکە دەشێ لەلایەن خەڵکانی ناشارەزا نووسرابێتەوە و هەروەک چۆن ڕێشی تێ دەچێ لە سەدەی نۆزدەم بە مەبەستێک لە مەبەستەکان کرابنە عەرەبی. بەڵام ئەسڵی مەبەست بەهیچ شێوەیێک وەرگێڕاوە عەرەبییەکان نییە بگرە کتێبە ئۆرجینالەکانە بە زمانی کوردیی خۆی. عەباس ئەلعەززاوی حوکم لەسەر وەرگێڕاوە عەرەبییەکە دەدات و لای وایە بە گوتەی زمانی عامیەی عێراقی ئەمڕۆ نووسراون و پێکهاتەی رستەکان نەشازن و بە ڕای ئەو شێمانەی ئەوە هەیە لە بەغدا نووسرابنەوە.[٥٣]

لە هەمان روانگەوە رەشاد میران لای وایە چونکە وشەی مسقۆف کە واتەی مۆسکۆ دەگەیەنێ لە کتێبی مەسحەفا رەش-دا هاتووە و ئێزیدیش تەنیا لە

51. Andrus, Rev. A.N., The yezidees. In Encyclopaedia of Missions, New Yourk, 1891, vol 2, pp. 526-8.
52. Guest, John S., Guest, The Yezidis: A Study in Survival…….op.cit, p. 240.
٥٣. عباس العزاوي، تاريخ اليزيدية واصل عقيدتهم، بغداد، ١٩٣٥، ص: ١٨٧-١٨٨.

سەدەی نۆزدەم لە قەفقاز دەژین بۆیە هەر دەبێ بە ڕای نووسەر ئەم کتێبانە لە سەدەی نۆزدەمدا نووسرابن[٥٤]. بەر لە هەرچی دەمەوێ هەڵەیەکی مێژوویی بۆ بەڕێز میران راست بکەمەوە کە برێک تیرە و هۆزی ئێزیدی بەر لە سەدەی نۆزدەم، لە سەدەی هەژدەمەوە لە ئەرمەنستاندا ژیاون، بەڵام لە دوای شەڕی قرم ١٨٥٣ – ١٨٥٦ و دواتر دوای شەڕی ڕووسی– تورکی ١٨٧٧ – ١٨٧٨ بە شێوەیەکی لێشاو گەیشتنە ڕووسیا. من پێم وایە هەردوو کتێبی ئێزیدییەکان زۆر بەر لە سەدەی نۆزدەم نووسراون، بەر لە هەچی فەتواکەی شێخ عەبدوڵڵای رەبتەکی لە ساڵی ١٧٢٤ واتە لە سەرەتای سەدەی هەژدەم بەڵگەیەکی زۆر بەهێزی مێژووییە و خەتێکی راست و چەپ بەسەر ئەو بۆچوونانە دەهێنێ کە لایان وایە کتێبی ئێزیدییەکان لە سەدەی نۆزدەمدا نووسراون. شێخ عەبدوڵڵای رەبتەکی سەرەتای سەدەی هەژدەم زانیویەتی کە ئێزیدییەکان کتێبی جیلوەیان هەیە و بە قسەی ئەو لەلایەن شێخ فەخرەدین نووسراوە، ئەمە هیچ گومان لەوەدا ناهێڵێتەوە کە دەبێ زۆر بەر لەم مێژووە ئەم کتێبە بوونی هەبووبێ[٥٥]. لە کۆمەڵگەیەکی ئاوەها داخراو و نهێنیپارێزی ئاینی ئەگەر ئەم کتێبە گەلێک پێشتر نەنووسرابێ و نەبووبێ، ناشێ هەروا بە ئاسانی لە سەرەتای سەدەی هەژدەمدا هەواڵی بزانرێ. ئێمە کە باس لە کتێبەکانی ئێزیدییەکان دەکەین مادام کتێبەکان خۆیان لە بناغەدا هەر بە کوردی نووسراون و تەواوی نوێژ و وێرد و هەموو پەرستنێکی ئەم ئاینەش

٥٤. بۆ شارەزابوون لە بیروڕایەکانی رەشاد میران لەمبارەیەوە بڕوانە: رەشاد میران ( دوکتۆر)، رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، کتێبی سەنتەری برایەتی ٧، چاپی دووەم، کوردستان، ٢٠٠٠ لا: ١٠٤ – ١٠٧.

٥٥. دەستنووسی دەقی فەتواکەی شێخ عەبدوڵڵای رەبتەکی بە قسەی عەباس عەززاوی لە کتێبخانەی سلێمانی بە کۆدی ژمارە ١١٦ پارێزراوە، بڕوانە: عباس العزاوي، تاريخ اليزيدية واصل عقيدتهم، بغداد، ١٩٣٥، ص ٨٥. هەروەها عەززاوی دەقی تەواوی فەتواکەی لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیوەتەوە ـ بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا: ٨٤ – ٨٩.

هەر بە کوردییە و تەنانەت لای ئێزیدییەکان خوا خۆیشی بە کوردی قسە دەکات[٥٦] بۆیە نابێ لەسەر وەرگێڕاوە عەرەبییەکان بڕیار بدەین و بکەوینە ناو هەڵەی نوسخە وەرگێڕاوە عەرەبییەکان. من ناتوانم ئەوە یەکلا بکەمەوە داخۆ کەی کتێبە ئاینییەکان نووسراون، بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم کە مێژووی نووسینی ئەم کتێبە کوردییانە زۆر کۆنە و پێم وانییە لە سەدەی هەژدە و نۆزدەمدا نووسرابن و شیمانەی بەهێز ئەوەیە دەشێ لە سەدەکانی یازدە یا دوازدە نووسرابن و ڕەنگە کۆنتریش بن. ئێمە جارێ دەرگەی ئەم باسە بە کراوەیی بەجێ دەهێلین تا ئەو کاتەی بەڵگەنامەی گردەبڕمان وەچنگ دەکەوێ.

سەرچاوەکان

1- Planhol, Xavier de, Minorités en Islam : Géographie politique et sociale, Ed .Flammarion, Paris, 1997.

2- Chevalier, Michel, Les montagnards Chrétiens du Hakkari et du Kurdistan septentrional, Ed .Publication du l'Université de Paris Sorbonne, Paris, 1985

3-Izady, mehrdad, The Kurds: A Concise handbook, Ed .Taylor & Francis, 1992

4- Hasan Gökçe, Portrait d'un Emir kurde, Beder Khan Bey, In Société et cultures musulmans d'hier et d'aujourd'hui, Paris, 1996

5-Parry, Oswald,-B.A., Six months in a Syrian monastery, being the record of a visit to the head quarters of the Syrian church in Mesopotamia, with some account of the Yazidis or devil worshippers of Mosul and El Jilwah, their sacred book, London, Horace .Cox : 1895

6-Mohammad Mokri, Recherches de Kurdologie: Contribution scientifique aux études iraniennes, Paris, Ed .Librarie Klincksiech, 1970

7-Bois, Thomas, Les yézidis : essai historique et sociologique sur leur origine religieuse, In Al-Machriq, n_ ١٩٦١ ٥٥ .

56. Messoud Fany, La nation Kurde et son évolution sociale, thèse de doctorat, Ed. Librairie L. Rodstein, Paris, 1933, p. 95

Menant, Joachim (1820-1899), Les Yézidiz : épisodes de l'histoire des adorateurs du diable, Paris : E . Leroux, 1892

8-Guest, John S., Guest, The Yezidis: A Study in Survival, Ed . KPI, London & New York, 1987

9-Messoud Fany, La nation Kurde et son évolution sociale, thèse de doctorat, Ed . Librairie L. Rodstein, Paris, 1933

١٠- ڤ، ف، مينورسكي، الاكراد: ملاحظات وانطباعات، ترجمة د. معروف خزندار، دار الكاتب، بيروت، ١٩٨٧.

١١- الاب انستاس الكرملي، اليزيدية، المشرق، المجلد الثاني، بيروت ١٨٩٩.

١٢- رەشاد میران (دوکتۆر)، رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، کتێبی سەنتەری برایەتی ٧، چاپی دووەم، کوردستان، ٢٠٠٠.

١٣- عباس العزاوي، تاريخ اليزيدية واصل عقيدتهم، بغداد، ١٩٣٥.

١٤- ا. م. مینتیشاشڤیلی، کورد: کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی-ئابووری، رۆشنبیری و گوزەران، وەرگێڕانی لە رووسییەوە: د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، سلێمانی.

١٥- الامير شرف خان البدليسي، شرفنامة، ترجمة محمد جميل الملا احمد الروژبياني، الطبعة الثانية، كردستان، ٢٠٠١.

## سەرچلێک لەبارەی

ژیان و بەرهەمەکانی ئەنستاس ماریی کەرمەلیی

(٥ ئابی ١٨٦٦ – ٧ کانوونی دووەمی ١٩٤٧)

ئەنستاس ماریی کەرمەلیی ناوی تەواوی بوترس جوبرائیل یوسف عەوادەیە لە باوکێکی لبنانیی مەسیحی و دایکێکی بەغدایی (مریم ئۆگستین) لە ٥ی ئابی ١٨٦٦ لە لبنان لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتاییی لە "قوتابخانەی باوکە کەرمەلییەکان" لە بەغدا و خوێندنی دواناوەندیی لە قوتابخانەیەکی کاتۆلیکی هەر لە بەغدا تەواو دەکات. ساڵی ١٨٨٢ دەبێتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە "قوتابخانەی باوکە کەرمەلییەکان" و لە تەمەنێکی گەلێک زوودا دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی وتار و نووسین لە ڕۆژنامەکاندا. ساڵی ١٨٨٦ لە بەیرووت زمانی لاتینی و یۆنانی و فرەنسایی دەخوێنێ. ساڵی ١٨٨٧ دەچێتە بەلجیکا و ساڵی ١٨٨٩ بۆ تەواوکردنی خوێندنی فەلسەفە و لاهووت دەچێتە فرەنسا. ساڵی ١٨٩٤ بەناوی "ئەنستاس ماریی کەرمەلیی" کرا بە قەشە و پاشان فرەنسای بەجێ هێشت چوو بۆ ئیسپانیا و دواتر گەڕایەوە بۆ بەغدا و بۆ ماوەی چوار ساڵ ئیدارەی قوتابخانەی باوکە کەرمەلییەکانی بە ئەستۆ گرت. لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا عوسمانییەکان هەڵوەدای شاری قەیسەری-یان کرد لە ئەنادۆڵ و ماوەی ساڵێک و دە مانگ لەوێدا مایەوە (١٩١٤ – ١٩١٦). کەرمەلیی زمانەوانێکی گەورە بوو و بە تایبەتی لە زمانی عەرەبیدا ئەستێرەیەکی گەورە بوو. جگە لە زمانی عەرەبی و سریانی زمانەکانی لاتینی، ئینگلیزی، فرەنسی، ئیسپانی و ئیتاڵیایی دەزانی و سەرەداوێکیشی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەبوو. کەرمەلیی کوردیشی لە بیر نەکردووە و بە تایبەت لەبارەی ئاینزا کوردییەکانەوە و بە ڕوویێکی تایبەتیش

لەبارەی ئێزیدییەکانەوە بە فرەنسی و عەرەبی نووسینی بڵاو کردووەتەوە. ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆهەڵاتناسیی ئەڵمان (١٩١١)، کۆڕی زانیاری عەرەبیی دیمەشق (١٩٢٠) و کۆڕی زمانی عەرەبیی میسر (١٩٣٢) بوو. دواجار لە سپێدەی سێشەمووی ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧ لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات.

نووسراوەکانی:

کەرمەلیی لە دوای خۆیەوە بەرهەمێکی زۆری بەجێ هشتووە کە بەشی زۆریان تا ئێستە هەر بە دەسنووسی ماونەتەوە، لە گرینگترین کتێبە چاپکراوەکانی:

١- الفوز بالمراد في تاريخ بغداد، بغداد، ١٩١١.

٢- خلاصة تاريخ بغداد، بصرة، ١٩١٩.

٣- أغلاط اللغويين الأقدمين، بغداد، ١٩٣٢.

٤- نشوء اللغة العربية ونموها واكتهالها، القاهرة، ١٩٣٨.

٥- النقود العربية وعلم النميات، القاهرة ١٩٣٩.

٦- أرض ما بين النهرين، وقد نقله من الأنكليزية لمؤلفه بيفن، (بعد وفاة الأب نشره سنة ١٩٦١ حكمت توماشي)

جگە لەوە باوکە کەرمەلیی زیاتر لە ١٣٠٠ وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەی هەیە لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا کە بەشێکی ئەو وتارانە تایبەتن بە مێژووی کورد و کوردستان، بە تایبەت لە کۆواری (لغة العرب)دا کە ساڵانی ١٩٢٣ تاوەکو کۆتای سییەکان سەرپەرشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەکرد. لە گرینگترین ئەو وتارانەی کە لەسەر کورد و کوردستانی نووسیوونی بە زمانی فرەنسی و عەرەبی ئەمانەی خوارەوەن:

1- La secte des Yézidis", In: Mission Catholique, 1899, p. 524-526

2- le secret des Yezidis p, In Terre Sainte, 1901, n_ 17, p.67-69

3- La découverte récente des deux livres sacrés des Yêzîdis[57]. In Anthro-

٥٧. ئەمە ئەو وتارەیە کە لەم کتێبەدا کراوە بە کوردی، وەرگێڕ.

pos, t .VI, N_ 1. Janv-févr.1911, p1-39

٤- اليـزيدية[٥٨]، مـجلة المشـرق، المجلد الثـانـي، بيـروت، ١٨٩٩، ص: ٣٢-٣٧، ١٥١-١٥٦، ٣٠٩-٣١٤، ٣٩٥-٣٩٩، ٥٤٧-٥٥٣، ٦٥١-٥٥، ٧٣١- ٣٣٦.

٥- تفكهة الاذهان في تعريف ثلاثة اديان، المشرق ٥، ١٩٠٢، ص:٥٧٧ – ٥٨٢.

٦- الداودة والداوديون، مجلة المشرق، ٦، بيروت، ١٩٠٣، ص: ٦٠- ٦٧.

٧- الشبك، المقتطف ٥٩، ١٩٢١، ص: ٢٣٠ – ٢٣٢.

٨- الحيـدرية لمحـة عامـة في اهل هذا البـيت، مجلة لغة العـرب ٣، ١٩٢٥، ص: ٦٣٢-٦٣٥.

٩- الهكاريـة لاحكاري (تعليق وتصـحيـح)، مـجلة لغـة العرب، ٤، ١٩٢٦، بـغداد، ص: ٢٤٦.

١٠- احوال اليزيدين، مجلة لغة العرب، ٤، بغداد، ١٩٢٦، ص: ٥٠.

١١- اربل، مجلة لغة العرب، ٥، بغداد، ١٩٢٧.

١٢- السليفانية، مجلة لغة العرب، ٥، بغداد، ١٩٢٧، ص: ٤٧٤-٤٧٧.

١٣- الهذابان والهـذبان (جيل من الاكراد)، مـجلة لغـة العرب ٥، بغداد،١٩٢٧، ص:٥٥٤- ٥٥٥.

١٤- بنجوين، مجلة لغة العرب، ٥، بغداد،١٩٢٧، ص: ٢٦٥.

١٥- راواندوز، مجلة لغة العرب ٥، ١٩٢٧، ص: ٢٠١.

١٦- كفري، مجلة لغة العرب ٥، ١٩٢٧، ص: ٥٢٨.

١٧- العمادية، مجلة لغة العرب ٥، ١٩٢٧، ص: ٢١٥.

١٨- سر العمادية، مجلة لغة العرب ٥، ١٩٢٧، ص: ٢٢٧.

١٩- القنطرة او التون كبري، مجلة لغة العرب ٥، ١٩٢٧، ص: ٣٦٢.

---

٥٨. ئەم وتارە لەلایەن Moutran تەرجەمەی فرەنسایی کراوە، بڕوانە:

Moutran, N., Les Yézidis, Adorateurs du Diable, In  La Syrie de demain, Paris, Ed. Plon, 1916, pp. 405-424

٢٠- كيل (موضوع في شمال جمجمال من لواء كركوك)، مجلة لغة العرب ٥، ١٩٢٧، ص : ٤٨٧.

٢١- طوز خرماتي، مجلة لغة العرب ٥، ١٩٢٧، ص: ٦١١.

٢٢- الكاكاية، مجلة لغة العرب ٦، ١٩٢٨، ص: ٢٦٤-٢٦٩.

٢٣- كيف تضبط كلمة خلكان في ابن خلكان، مجلة لغة العرب ٦، ١٩٢٨، ص:٧٠١-٧٠٢.

٢٤- سكان قرقتبة، مجلة لغة العرب ٦، ١٩٢٨، ص :٦١١.

٢٥- تعليق علي تتمة اليزيدية، مجلة لغة العرب ٧، ١٩٢٩، ص: ٥٥٠- ٥٥١.

٢٦- تعليق علي مقال القلم حاجية، مجلة لغة العرب ٧، ١٩٢٩، ص: ٥١٦-٥١٧.

٢٧- ارض السليمانية في التاريخ القديم نقلها عن الفرنسية الى العربية عن دائرة المعارف الاسلامية، مجلة لغة العرب ٨، بغداد، ١٩٣٠، ص: ١٢٧-١٣٨.

٢٨- قري السليفانية، مجلة لغة العرب ٨، بغداد، ١٩٣٠، ص: ٧٥٧.

٢٩- احمد تيمور باشا، مجلة لغة العرب ٨، بغداد،١٩٣٠، ص: ٤٨٢ – ٤٨٧.

٣٠- نزيب ونصيبين، مجلة لغة العرب ٨، ١٩٣٠، بغداد، ص: ٧٧٧.

٣١- اربل، مجلة لغة العرب ٨، ١٩٣٠، ص: ٦٠٨ – ٦٠٩.

٣٢- كركوك (تعليق على مقال لواء كركوك)، مجلة لغة العرب ٨، ١٩٣٠، ص: ٤١٤.

٣٣- قدم اسم مندلي، مجلة لغة العرب ٨، ١٩٣٠، ص: ١٦٧.

٣٤- النصوص الدينية اليزيدية، مجلة لغة العرب ٩، بغداد،١٩٣١، ص: ٢٢٦-٢٣١.

٣٥- وفاة السيد ابراهيم الحيدري (١٨٦٤-١٩٣٠)، مجلة لغة العرب ٩، ١٩٣١، ص: ١٥٥-١٥٦.

٣٦- الشمسية في التاريخ، مجلة لغة العرب ٩، ١٩٣١، ص: ١٦١ - ١٧٠.

دەستنووسەکانی:

کـەرمـەلیی لە دوای خـۆی کـۆمـەڵێکی زۆر دەستنووس و لێکۆڵینەوەی هەمەچەشنەی بەجێ هێشتووە کە بەشی زۆریان تا ئێستا ڕووناکییان نەبینیوە، لەو دەستنووسانەی کە لەبارەی کوردەوە هێشتا چاپ نەکراون ئەم دەستنووسانەن:

١- تاريخ الكرد، (١٠٢ ص).

٢- تحقيقات عن الكرد، (٤١ ص).

سەرچاوە:


١- گورگيس عواد، الاب انستاس ماريي الكرملي، حياته ومؤلفاته (١٨٦٦ - ١٩٤٧)، الدار العربية للموسوعات، بيروت ٢٠٠٤.

٢-نەجاتی عەبدوڵڵا، بیبلیۆگرافیای کوردناسی: کورد و کوردستان لە سەرچاوە فرەنسییەکاندا، ئەکادیمیای کوردی ٢٠٠٩.

٣- صباح البازرگان، "كتابات عن الكورد وكوردستان"، کۆواری کەرکووک، (٤٢-٤٣)، زستانی ٢٠٠٩-٢٠١٠.

ئەنستاس ماریی کەرمەلیی

# دۆزینەوەییێکی تازەی
# دوو کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان

کۆواری Anthropos
بەرگی شەشەم، ساڵی ١٩١١
ڤیەننا – نەمسا

---

وەرگێڕاوی کوردیی دەقاودەقی وتارە فرەنسییەکە


Revue Internationale d'Ethnologie et de Linguistique

ANTHROPOS

Ephemeris Internationalis Ethnologica et Linguistica

Rivista Internazionale d'Etnologia e di Linguistica

Revista Internacional de Etnología y de Lingüística

International Review of Ethnology and Linguistics.

Internationale Zeitschrift für Völker- und Sprachenkunde.

Band / Tom. VI 1911.

Mit 34 Tafeln
159 Textillustrationen

Avec 34 planches
159 gravures de texte

Im Auftrage der Österreichischen Leo-Gesellschaft.
Mit Unterstützung der Deutschen Görres-Gesellschaft
herausgegeben
Unter Mitarbeit zahlreicher Missionäre von P. W. SCHMIDT, S. V. D.

„Anthropos"-Administration: St. Gabriel-Mödling bei Wien, Österreich.

Druck und Verlag der Mechitharisten-Buchdruckerei in Wien, VII.

وێنەی بەرگی کۆواری ئانترۆپۆس، ب٦، ١٩١١

## بەشی یەکەم

# چەند تێبینییەک لەبارەی چیرۆکی دۆزینەوە و سروشتی دوو کتێبە پیرۆزەکەی ئێزیدییەکان

١

### چۆن بە شوێن دوو دەستنووسی کتێبی ئێزیدییەکاندا گەڕام؟

لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٩٨ کوڕە گەنجێکی چاوڕەشی گەورەی سمێڵ زل و تەواو لوول، لووت چەماوە و ڕوو ئاڵ و ڕووخۆش، دەموچاو خڕ و سیما ئاسایی و باڵایەکی کەتە و پێکهاتەیەکی بەهێز، ڕەنگ و ڕووی تەواو دەرەکی چیایانە و ساکارانەی دیاردی بۆ ڕۆحێکی بەهێز و بەخشندە دەکرد، هاتبوو بمبینێ تا داوام لێ بکات یارمەتیی بدەم بۆ ئەوەی ببێتە مەسیحی.

(بەڵام ئێوە سەر بە چ ئاینێکن، ئەگەر مەسیحی نین؟ من پێم گوت).

– من ئێزیدیم، واتە سەر بەو تایەفەم[٥٩] کە شەیتان دەپەرستن بەو ئامانجەی کە خۆیان لە تووڕەیییەکەی وەلابدەن و کردوویانەتە پەرستنێکی تایبەتی.

– پێم خۆشە لەناو مەسیحییەکان قەبووڵتان بکەم، بەڵام بۆ ئەوەی ببیتە مەسیحی دەبێ خۆتی بۆ ئامادە بکەیت و پرەنسیپەکانی ئاینی مەسیحی بخوێنی و حاشا لە هەڵەکانی خۆت بکەیت.

– من ئامادەم هەموو ئەوانە جێبەجێ بکەم کە ئێوە لە منی داوا دەکەن.

٥٩. ڕاستییەکەی ئێزیدی ئاینە نەک تایەفە (سێکت)، بەڵام ئێمە لە سۆنگەی دەستپاکی وەرگێڕانەکە ڕێگەمان بە خۆمان نەدا ئەم گۆڕینەیە بکەین، وەرگێڕ.

– ناوی خۆت و باوکت چییە؟

– من ناوم حەبیبە، کوڕی یەعقوب و ئایشەم.

– تەمەنت چەندە؟

– نزیکەی ٣٠ ساڵ.

– لە کوێ لەدایک بوویت؟

– لە بۆزی، نزیک ئەلقوش، لە میزۆپۆتامیای سەروو.

– چ شتێک هانی دای تا ببیتە مەسیحی؟

من ماوەی حەوت ساڵان نۆکەر و لە هەمان کاتیشدا لای سەرۆکی ئاینی تایەفەکەم کتێبخانەوان[٦٠] بووم، پاشان زانیم ژیان لەوێ زۆر وەڕسکار و بێ مانایە چووم خزمەتی ڕاهیبە کلدانییەکان بکەم کە هاوسێی ئێمە بوون. پاش ئەوەی چاک ناسیمن، بۆم دەرکەوت کە ژیانی ئەوان زۆر لە ژیانی ئێمە سەرووترە و زۆریش لەیەکەوە دوورن. بە هەمان شێوە پێم وایە ژیانی مەسیحییەکانی تر زۆر بەرزترە لە ژیانی زێدە شەتەکدراوی خواپەرستانەی ئێمەی ئێزیدی.

– ئەی بۆچی هەر لەوێدا نەبوویتە مەسیحی و تا ئێرە هاتی؟

– لە وڵاتی خۆماندا نەمتوانی ئەوە بکەم، چونکو لەوانە بوو هەر دەمودەست بمکوژن.

– من لە ترسەکەت تێ دەگەم، بەڵام ئاخۆ هیچ پاڵنەرێکی تر نەبووە پاڵی پێوە نابی تا واز لە ئاینی تایەفەکەی خۆت بهێنی و بە شوێن ئاقیدەی مەسیحدا بکەویت؟

– بەڵێ، هۆیەکی تریش هەیە کە کاری تێ کردم و منی وا وەرچەرخاند تا لە هەڵەکانی باووباپیرانم هەڵگەڕێمەوە، ئەویش عیسا–مەسیح[٦١] خۆی

٦٠. کتێبخانەوان: bibliothécaire بەعەرەبییەکەی واتەی "امین مكتبة "دەگەیەنێ، وەرگێڕ.

٦١. عیسا–مەسیح: Jésus-christ

بانگهێشتنی کردم که ئەم ڕێگەیە بگرم.

– ئەوەیان چۆن؟

ئەگەر ئێستە بۆت بگێڕمەوە، بڕوام پێ ناکەیت، چونکو مەسیحییەکان وا فێر کراون هیچ گرینگییەک بە خەونان نەدەن.

– هەر چۆنێک بێت بیگێڕەوە؟

ڕۆژێکیان، ئێوارەی ڕۆژێکی تەواو شەکەت، دوای هەوڵ و کۆششێک کە دابووم لە خەوێکی قووڵدا بووم. لەو خەوەدا خۆم لەناو باخچەیەکی ڕازاوەی پڕ لە گوڵ و گوڵزار بینییەوە کە درەختەکانی لەبەر بەرەکانیان چەمابوونەوە. هەموو چەشنە گوڵێک و هەموو ڕەنگێک ئەم بەهەشتە پڕ چێژەیان ڕازاندبووەوە.

"من ویستم لە چێژی جوانیی سروشت ورد ببمەوە، لەبەر سێبەری درەختێکی گەورەی تەمەن چەندین سەدساڵە دانیشتم کە گەڵایەکانی پڕ بوون لە باڵندەی چکۆڵەی نەغمەخوێن کە یەک بە تەک یەکەوە گۆرانیان دەچڕی.

– لەو کاتانە کە من بە خۆشنوودییەوە بەشداریم لەو پێشبڕکێ دڵخۆشکەرانەیە دەکرد، بینیم پیاوێک پارچە کاغەزێکی زۆر کراوەی بە دەستەوە بوو و دوو تاڵە تیشکی خۆرەتاویشی بەسەر سەرەوە بوو و پێی گوتم: " بڕوانە ئەم کتێبە ئیدی پێویست بە بوونی ناکات، بە تێپەڕبوونی زەمەن هەمووی هەڵوەشاوەتەوە، منیش ئەم پارچە کاغەزە دەدڕێنم، چونکو کاتی بەسەر چووە و پارچەکانی نابێ بمێنن تەنیا بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە دەیانەوێ دژ بەوانەی بەکار بهێنن کە وێڕای بێ کەڵکی و پەرتەوازەبوونی بە هەموو لایەک کەچی هەر دەیانەوێ پابەندی بن".

دوای ئەو، کوڕێکی گەنج بە جلوبەرگێکی بریسکەداری ڕووناک خۆی پێشکێش کرد و پێی گوتم: "ڕێگەی ڕاستی و ژیان لە مندا دەدۆزیتەوە. هەتا ئەو کاتەی تۆ لەناو هەڵەکانی خۆتدا بمێنیتەوە، تۆ هیچ کات ئارامی لەناو ڕۆحی خۆتدا نابینی، بەڵام هەر کاتێک وازت لێ هێنا، تۆ لەناو خۆتدا خۆشنوودییەکی نەبینراو دەدۆزیتەوە. لەو لای ترەوە، وات لێ دەکەم بەری ئەم

درەختە تام بکەیت، پاشان بەری درەختێکی بۆ چنیمەوە کە لە من نزیک بوو، میوەیێک کە لای من زۆر بەتام بوو.

دوایی گوتی: " لە ئەمڕۆوە بە دواوە تۆ بەدەر لە بەری ئەم ژیانە، هیچ چێژێکی تر نابینی، تۆ سی ساڵەیت و لە یەک ساڵ زێتر ژیانت لە بەردەمدا نەماوە. ئەگەر تۆ هێندە بەدبەختی تا لەناو گومڕاییی خۆتدا بمێنیتەوە، ئەوا تۆ چ لەم دنیایە و چ لەو دنیای تر زیان بە خۆت دەگەیەنی ".

"وەختایەک خۆی کێشایەوە کەسی سێیەم جامانەیەکی لە سەر و سۆلێکی لە پێ بوو خۆی پێشکێش کرد، بانگی کردم تا دەرەوەی باخچەکە لەگەڵی بچم بۆ ئەوەی شتێکی سەیروسەمەرەم نیشان بدات کە سەرنجی ڕێبوارەکان ڕادەکێشێ، بەڵام هەرکە چەند پێیەک وەشوێنی کەوتم وەخەبەر هاتمەوە، " من بەو ئەنجامە گەیشتم کەوا عیسا خۆی بانگهێشتنی کردووم تا بچمە سەر ئاینەکەی کە: ژیان، ڕێگە، ڕاستی و ئاشتی لە هەمووان نیانتر و لە هەمووان ئارامتر هەر لەو ئاینەدایە.".

– هەموو ئەو شتانەی گێڕاونەتەوە زادەی خەیاڵکردی ورووژاوی ئاینی خۆتە و نابێ هیچ گرینگییەکیان پێ بدەی. تاقە شتێک کە بتوانێ ڕاستگۆییی حەزەکانی تۆ بسەلمێنێ، کردەوەکانی خۆتن. ئەگەر ئەو کردەوانە چاک بن و ڕێک بن لەگەڵ ئاقیدەی مەسیحایەتی، ئەوە من ئەوە بەرەنجام دەکەم کە ئێوە حەزێکی زۆر بەتینتان هەیە بۆ ئەوەی ببنە موریدێکی مەسیح، خۆ ئەگەرنا هەموو خەونەکانت هیچ ناگەیەن، یان بە شێوەیێکی تر دیاردی بۆ ئەوە دەکەن کە ئێوە گومڕایێکن بۆ خۆتان.

– باوکە گیان، ئێوە لەسەر هەقن و من هیچ قسەیەکم نییە بیڵێم.

– حەوسەڵەی ئەوەت هەیە هەر ڕۆژ سەعات ٥ی پاش نیوەڕۆ بێیت تا ڕێنوێنییەکانی مەسیحایەتیت فێر بکەم، فێرە نوێژکردنت دەکەم و وەختایەکیش ئەو هێندە فێر بوویت، دەبینم بزانم ئاخۆ ئێوە ئامادەییی ئەوەتان هەیە ئاوی ژیانگەیێن[٦٢] وەربگرن. بەڵام بەر لە هەرچی بەڵگەیەکی

٦٢. ئاوی ژیانگەیێن: l'eau régénératrice

دڵنیاکەرەوە و بێگومانم لە ئێوە دەوێت کە ئێوە واز لە ئاقیدەی باووباپیرانتان دەهێنن بەوەی هەموو راز و سیرۆمۆنییەکانی ئاینەکەی خۆتانم بۆ ئاشکرا بکەیت.

حەبیب بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دەستپێشخەرییە زۆر لە تەنگەتاویدا کەوت، چونکو هەردەم ترسی ئەوەی هەبوو و دەترسا نهێنییەکان ئاشکرا بکات کە موریدەکان دەبێ زۆر بە نهێنی بیپارێزن ئەگەرنا دەکوژرێن. ئەو هەموو کات ئەوەی لە خەیاڵدا بوو کە زوو یا درەنگ دەزانن کە ئەوەیان ئەوە نهێنییەکانی ئاشکرا کردووە و لە تۆڵەی شەرەفی ئیهانەکردنی ئاینەکەی دەیگرن. لەمبارەیەوە لەلایەنی خۆمەوە تەواو ئارامم کردەوە و پێم گوت دەتوانێ متمانە بە من بکات کە تا ئەو لە ژیاندا بێ بە هیچ شێوەیێک ناوی نەخەمە سەر کاغەز، بەڵام دوای مردنی ئەگەر ئەو بەر لە من مرد ئەوا دەتوانم هەموو شتێک بڵێم بێ ئەوەی هیچ لە قسەکانم کەم بکەمەوە.

قوتابییە کاتێشیومێنەکەم[٦٣] بەم مەرجانە ڕازی بوو و کەوتە ئەوەی نهێنیی تایەفەکەیم بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە بۆ ئاشکرا بکات. منیش دەمودەست دەستم کرد بە نووسینەوەی هەموو ئەو شتانەی ئەو دەیگوتن و بەشێکی زۆریم لە کۆواری (المشرق)ی عەرەبی باوکە قەدیسەکانی بەیرووت (ساڵی دووەم: لاپەڕەکانی ٣٢-٣٧، ١٥١-١٥٦، ٣٠٩-٣١٤، ٣٩٥-٣٩٩، ٥٤٧-٥٥٣، ٦٥١-٥٥، ٧٣١-, ٣٣٦) بڵاو کردەوە.

ئەوە لەو کاتە بوو کە حەبیب هێشتا لە ژیاندا بوو، بەڵام کەسێک نەیزانی کە ئەو ڕاستییەکانی بۆ من ئاشکرا کردووە.

---

٦٣. کاتێشیومێن: catéchumène خوێندکاری بنەمایەکانی ئاینی مەسیحی، وەرگێڕ.

٢

## کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان

خاڵێک کە ڕازگۆیەکەم[٦٤] لە هەمووان زیاتر لەسەری موکڕ بوو ئەویش کتێبی ئاینی تایەفەکەیان بوو. تەنیا دوای حەوت مانگ لە دوای یەکەمین سەردانی توانیم ناوی کتێبەکانیان لێوە چنگ بخەم. دواجار پێی گوتم کە ئەوان دوو کتێبیان هەیە: کتێبی جیلوە و کتێبی مەسحەفا ڕەش، بەڵام بە شێوەیێکی ئاوەها شاردراونەتەوە کە مەحاڵە بزانرێ لە کوێ دانراون و هەر تەنیا سێ کەسیش بەم نهێنییە شارەزان: سەرۆکی ئاینی، سەرۆکی کاروباری دنیایی و کتێبخانەوان.

کتێبخانەوان ئەرکی ئەوەی پێ سپێردراوە کە هەر شەش مانگ جارێک ئەو کتێبانەی کە هەرگیز خۆریان بەرناکەوێ بخاتە دەرەوە. کتێبخانەکە لەسەر چیای شەنگاڵ یا وەکو چیای ئێزیدییەکانە. کتێبەکانی کتێبخانەکە زۆر کۆنن و بە زۆر زمانی جیا جیا نووسراون: کلدانی، ئاسووری، عەرەبی، فارسی، لاتینی و یۆنانی. (حەبیب نەیتوانی هەموو شتەکانم پێ بڵێ چونکو نەخوێندەوار بوو). بە قسەی حەبیب ئەو کتێبانە هی کڵێسایەکی کۆنی شەنگاڵن کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم دەورانی مەسیحیایەتی. هەرچی تایبەت بە دوو دەستنووسی کتێبی ئاینی تایەفەکەیە ئەوا لەناو سندووقێکی دارگوێزدا هەڵگیراون کە بە پارچە وردە پارەی کانزایی داپۆشراون و بە سێ کلیل دادەخرێ و هەر کلیلێکیشیان لای یەکێک لەو سێ کەسانەیە کە پێشتر باسمان کرد. سندووقەکە بۆ خۆی لەناو ئەشکەوتێکدا شاردراوەتەوە، بەدەستە ڕاستی ئەو کەسەی دەچێتە ژوورەوە بە دوو یا سێ مەتر لە دەرگەی چوونە ژوورەوە لەناو حەشارگەیێک لەژێر زەویدایە، بەشێوەیێک کە تەنیا ئەو سندووقەی تێدا شاردراوەتەوە. بەردێکی تەواو موکم حەشارگەکەی داخستووە. بە تەک ئەم سەرپۆشە بەردینە کە بە کارامەیی

---

٦٤. ڕازگۆ: révelateur کاشف السر.

شوێنەکە دەشارێتەوە کە گەنجینە ئاینییەکەی تێدایە، کۆمەڵێک بەرد، یەک لە دوای یەک بە دەورەی ئەشکەوتە پیرۆزەکە بۆ چەواشەکردنی حەزی ئەو چاوگێڕانەی کە دەیانەوێ بە شوێن گەنجینەکەدا بگەڕێن دانراون.

نزیکەی هەموو ئێزیدییەکان دەزانن کەوا دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە، بەڵام قەدەغەیە ناوەکانیان ئاشکرا بکەن ئەگەرنا دەکوژرێن، هیچ کەس ڕێگەی پێ نەدراوە هەوڵ بدات ئەم دوو کتێبۆلکە[٦٥] پیرۆزە بخوێنێتەوە. هەروەک چۆن ڕێگە بە هیچ کام لەو سێ کەسە خاوەن ئیمتیازەش نەدراوە کە لە سێ سەعات زیاتر یەکێک لەم کتێبە سروشیانە لای خۆیان بهێڵنەوە، ئەوەش دەبێ تەنیا بە ئامادەبوونی دوو کەسەکەی تر بێت.

ئەوەی ڕێگەی پێ دراوە تەنیا خوێندنەوەی وەرگێڕاوی عەرەبیی کتێبەکانە و هێشتا ئەوەش تەنیا یەک کەس هەیە کە بتوانێ بیخوێنێتەوە، ئەویش کوڕە گەورەی سەرۆکی ئاینیانە. زۆربەی ئەوانەی کە گوێبیستی ئەم خوێندنەوانە دەبن لێی تێ ناگەن، چونکو زمانەکەیان دیالێکتێکی کوردیی تایبەت بە خۆیانە و تێکەڵاوە لەگەڵ زمانی عەرەبی.

٣

## وەسپی ئەو سندووقە پیرۆزەی<br>کە دوو کتێبە پیرۆزەکەی تێدا هەڵگیراوە

ئەمەیان وەسپی ئەو سندووقەیە کە گەنجینە پیرۆزەکەی تێدا هەڵگیراوە. پێوانەکە بەپێی داوێک گیراوە کە من بە کاتێشیومێنەکەم دابوو، لە ئەنجامدا ئەمە پێوانەیەکی نزیکەییە و پێوانەیێکی ورد نییە. سندووقەکە درێژاییەکەی ٣٣سم، پانییەکەی ٢٢سم و قووڵاییەکەی یان ئەستوورییەکەی ٧سم. سندووقەکە وەک لە پێشدا گوتمان لە داری گوێزە و بە قەیفەیەکی[٦٦] چڵکنی

٦٥. کتێبۆلکە: opuscule واتە کتێبۆلکەی ئەدەبی یا زانستی، وەرگێڕ.

٦٦. قەیفە: velours جۆرە قوماشێکە بە عەرەبی (مخمل) یا( قطیف)ەی پێ دەڵێن،

ســـپی داپۆشـــراوە. لەســـەر ســـەرپۆشـــەکـــە پارچە پارچەی پارە و لە ناوەڕاستەکەشی وێنەی کەڵەشێرێکی بەسەرەوەیە کە لە تاوس دەچێ. لەلای ڕاستی ئەو لایەی کە سندووقەکەی لێ دەبێتەوە وێنەی خۆرێکی (رۆژ) تێدایە، لەلای چەپیشی وێنەی مانگێکی تێدایە. لە سەرووی تاوسەکە، ئەستێرەیێک لەگەڵ تیشکی خۆرەتاو کە وێنەی ئەستێرەی بەیانە. لە خوارەوەش وێنەیەکی زەوییە. لە قوژبنەکانی سەروو و ڕاستدا دوو هێڵی هاوپێچ کێشراون کە نیشانەی ئاون و لەوانەیە دیاردی بن بۆ دیجلە و فورات. لە بەرامبەردا و لە قوژبنی چەپدا سێ تروسکە دەبینرێن کە ڕەمزن بۆ ئاگر. لە قوژبنی خوارەوە پارچەیەکی خڕ هەیە کە لەوانەیە دەربڕی هەوا بێت، برێتییە لە وێناکردنی ڕەمزی ڕەگەزی ئاو. لەولای تریشیەوە بەلای چەپیەوە، مشتێک دەنکە لمی بیابان لە وردە پارە دەبینرێن. کە وێنای زەوی دەبەخشن. ئەم دەنکە لمانە بەشێوەیێکی وا دانراون کە وێنەی تابلۆیێکی نارێک دروست دەکەن.

٤

## وەسپی کتێبی جیلوە

کتێبی جیلوە یا وەکو کتێبی سروش Livre de révélation لەسەر دوو پارچە کاغەزی پێستی parchemin زۆر ناسک لە پێستی ئاسک نووسراونەتەوە. هەریەکە لەو پارچە جیاجیانە یەک لە دوای یەک پێوانەکەیان نزیکەی١١×٢٧سم و پێوانەی ئەو بەشەش کە نووسینی لەسەر کراوە تەنیا ١١×١٧سم و هەر لاپەڕەیەکیشی لە ١٦ دێری تەواو ئاسایی پێکهاتووە. نووسینەکەی زۆر جوان دەخوێندرێتەوە کە بە پیتی تایبەتی نووسراون کە هەندێکیان لە عەرەبی و هەندێکی تر لە عیبری و هەندێک لە کلدانی و دواجار زۆربەیان لە ماندایی mandaïte دەچن. هەر لاپەڕەیەکی لە دوو بەش پێکهاتووە کە یەکێکیان نووسراوە و ئەوەی تری سپییە. بەشە سپییەکە بە شێوەیێک براوە کە دەربڕی هەمان ئەو وێنانە بێ کە لەسەر سندووقەکە خۆی دەبینرێن، بەم شێوەیە:

یەکەم وێنە، مانگێکی یەکشەوە یا هەر مانگێک دەنوێنێ،
دووەم وێنە، ئەستێرەیێک کە بێگومان ئەستێرەی بەیانە،
سێیەم وێنە، باڵندەیێک کە لەوانەیە تاوس بێت،
چوارەم وێنە، زەوییێکی پان وەکو تابلۆییێکی نارێک،
پێنجەم وێنە، خۆر،
شەشەم وێنە، دوو زەریا کە لەوانەیە دیجلە و فورات بن،
حەوتەم وێنە، سەری مرۆڤێک لەگەڵ دوو گوێ یا دوو شاخ (شەیتان ؟)،
هەشتەم وێنە، گوڵە شلێرەیێک بە سێ گەڵاوە یاوەکو زێتر- سێ برووسکەی ئاگر کە لە خوارەوە یەکیان گرتووە.

لە خوارەوەی هەر لاپەڕەیەکیشدا ئەو وشەیە نووسراوەتەوە کە لە لاپەڕەی دواتر دەست پێ دەکات. لاپەڕەکان هیچیان ژمارەیان لەسەر نەنووسراوە تا ریزبەندیی لاپەڕەکان دیاری بکات.

٥

وشەیەک لەبارەی مانای ئەم هێمایانەوە

ئەو هێمایانەی کە لەسەر سندووقە پیرۆزەکە دەبینرێن و بەسەر هەریەکە لە لاپەرەکانی کتێبی جیلوەش دووبارە کراونەتەوە و پێوەی نووسراون چی دەگەیەنن؟

– دەتوانین کۆمەڵێک بیرورا لەمبارەیەوە دەرببرین، بەڵام ئەوەی لای من لە هەمووان زیاتر ڕێی تێ دەچێ ئەوەیە کە ئێزیدییەکان چوار رەگەز بە پیرۆز دادەنێن: خۆر، مانگ، ئەستێرەی بەیان و ڕۆحی خراپە لەناو دوو وێنەی کەڵەشێر یان تاوسدا یاوەکو زێتر لەناو کەڵەشێر–تاوسدا، ئەو فریشتەیەی کە بەشێوەیێکی کاتی لە پایەی خۆی هێنرایە خوارەوە بۆ ئەوەی کۆتاییی دنیا بگرێتە دەست. لە خوێندنەوەی هەردوو کتێبە پیرۆزەکانیان دەبینین ئەم پەرستنە هەرچەندە کەم ئاشکرایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە لە

ڕاستییەوە کەمتر نییە و کۆمەڵێک لە کەسایەتییە پانتیۆنەکانیان[٦٧] هەڵگری ناوگەلێکن کە بوونەتە مایەی پیرۆزییەک بۆ پەرستنی ئەستێرەکان. ئاخۆ ئەوانە کەسایەتیی مێژوویی و ئەفسانەیین؟ - من هیچی لێ نازانم- ئاخۆ ئەگەر کەسایەتیی مێژوویین هەڵگری ناوی ڕاستەقینەی دەورانی زیندەگیی خۆیانن یاوەکو کەم یا زۆر دوای مردنیان ئەم ناوانەیان پێ دراوە؟ من هێشتا ئەوەشیان نازانم. کەوایە ئەمانە پرسیارگەلێکن کە دەبێ دواتر کەسانی تر دەرفەتی ئەوەیان ببێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم ئاینە نامۆیە بکەن و ڕووناکییان بخەنە سەر. بەهەرحاڵ ئەوەی هیچ گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە ئێزیدییەکان هێشتا لە ڕۆژی ئێستەشماندا جەستە ئاسمانییەکان[٦٨] و چوار ڕەگەزە کۆنەکە دەپەرستن، ئەوەی کە تەواو هاوجووتە لەگەڵ ئەو نیشانانەی کە لە پێشدا باس کران. لەبارەی دەستنووسی یەکەم و هێمایەکانییەوە ئەوەندە بەسە و با ئێستە بچینە سەر وەسپکردنی دووەم دەستنووس کە پێی دەڵێن مەسحەفا ڕەش.

## ٦

## وەسپی دەستنووسەکە

مەسحەفا ڕەش یا کتێبی ڕەش Livre Noir پارچە کاغەزێکی پێستە لە هەمان ئەو چۆنایەتییەی کە لە پێشدا باس کراوە، ٢,٨٠سم درێژی، لەسەر ٢١سم پانی. پانیی بەشی نووسینەکە ١١سم. هەمووی بەسەریەکەوە ١٥٢سم درێژە، بەڵام پیتەکانی کەمێک گەورەترن.

تێکڕای ئەم وردەکارییانە لەلایەن حەبیب خۆیەوە پێم گەیشتوون، بەڵام من تا ساڵی ١٩٠٦ نەمتوانی بیرۆکەیەکی تەواوم لەبارەیەوە هەبێت، وەک لە دواتر باسی دەکەم تا ئەو کاتەی توانیم کتێبخانەوانێکی تر ببینم کە وەرامی هەموو ئارەزووەکانی منی دایەوە.

---

٦٧. پانتیۆن: panthéon واتە کەسایەتییە ناودارو مێژووییەکانی نەتەوەیێک، وەرگێڕ.

٦٨. جەستە ئاسمانییەکان: Les corps célestes

٧

## کام لەم دوو دەستنووسانە کۆنترن؟

لەم دوو نووسراوەدا کە نە ناوی نووسیار و نەساڵی نووسینی بەسەرەوەیە کە کەی نووسراون. کەوابوو، چۆن بتوانین حوکم بەسەر کۆنێتیی هەریەکەیان بدەین؟ لەوانەیە لە ڕێگەی زمان و ژمارەی ئەو وشانەی کە کەوتوونەتە ناو دیالێکتی پیرۆزی ئێزیدییەوە بتوانین بەم ئەنجامە بگەین. بەڵام ئەگەر ئەم نیشانە وەکو پێوانەیێک وەربگرین ئەوا بە هیچ ئەنجامێکی وا دڵخۆشکەر ناگەین، چونکو وا دیارە کە زمانی هەردوو نووسراوەکە بە هیچ شێوەیێک یەک نەبن. ڕاستییەکەی لە هەردووکیاندا وشەی نامۆ هەن. کەوایە دەبێ دەست لەم نیشانەیە هەڵبگرین و بەدوای نیشانەیێکی تردا بگەڕێین، وەکو بیرۆکە idées بە نموونە.

کەوابوو، لە کتێبی جیلوەدا وا دەردەکەوێ کە بیرۆکەکان زۆر ڕەسەنتر و ئاقیدەکە زۆر ڕەسەنتر بێت. ڕاستییەکەی لەم نووسراوەدا (مەبەست لە کتێبی جیلوەیە، وەرگێڕ) بیرۆکەی وای تێدایە کە لەناو مەسحەفا ڕەشدا نییە. هەرچی لە مەسحەفا ڕەشە، بیرەکان بە پێچەوانەوە زۆر ڕەشۆکین. کەوایە وا دەرناکەوێ کە ئەو هێندەی من درکم پێ کردبێ یەکەم نووسیاری ئێزدییەکان تێگەیشتنێکی ئەو هێندە گشتی و ئەو هێندە ئاساییی هەبووبێت. من بۆ ئەوە دەچم باوەڕ بەوە بکەم کە کتێبی جیلوە کۆنترە، هەڵبەت بە بێ ئەوەی بتوانم پرسەکە یەکلا بکەمەوە. ئەمە بیروڕایەکی سادەی خۆمە و وەک هەوڵدانێک بۆ تاقیکردنەوە دەیخەمە ڕوو. خەڵکانێکی تری لە من دەستڕۆیشتووتر، دەتوانن ئەم تێزە لە من چاکتر زۆر ئیقناع پێکەرانەتر بسەلمێنن. دەبێ ئەوەش زێدە بکەم کەوا کتێبی جیلوە هێشتا کەمتر ناسراوە لەلای ئێزدییەکان وەک لە کتێبی مەسحەفا ڕەش، ئەوەی کە ئەم بۆچوونە زیاتر دەسەپێنێ ئەوەیە کە ئەم کتێبە لەلای ڕێبەرەکانی ئەم فیرقەیە پیرۆزتر و پەرستراوترە، بە جۆرێک ئەوەندە بەتەنگییەوەن کە لە بەرچاوی خەڵکی بشارنەوە.

## ٨

## حەبیب: ئەو ئێزیدییەی بە ناوی عەبدولمەسیح بوو بە مەسیحی

با بگەڕێینەوە لای حەبیب، ئەو کوڕە گەنجەی کە بە ئاسانی هەموو پرەنسیپەکانی ئاینی مەسیحی وەرگرت لەگەڵ نوێژە هەرە پێویستەکان و لە ٢٤ی دیسەمبەری ١٨٩٨ لە ڕۆژی پێش جەژنی نوێل حەبیب باتێمی وەرگرت.

R. P. Augustin Syeger دۆمینیکی خەڵکی بەغدا وەک من، لەسەر ڕێگەپێدانی Mge. Aayner دۆمینیکی ئەلزاس کە ئەو کات ئەرشەڤێکی لاتینی بەغدا و نومایندەی پاپا بوو لە میزۆپۆتامیا باتێمی کرد. لە ناوی حەبیب (خۆشەویست) ناوی عەبدولمەسیح (Christude)مان بۆ ئیزافە کرد بۆ ئەوەی تا هەتاهەتایە ببێتە خزمەتکاری مەسیح، دوای ئەوەی ماوەیێکی زۆر کۆیلەی شەیتان بوو. حەبیب دوای باتێمکردنەکەی لە شەوی نوێل لەلایەن کۆمیونیۆنی پیرۆزەوە sainte communion دووپاتکردنەوەی بۆ هات و بەردەوام بوو لە رازە پیرۆزەکان sacrement و ژیانێکی تەواو مەسیحییانە دەژیا. لە بەغدا وەک دەرگەوانی کۆشکی نومایندە Mgr. Alteyer دامەزرا.

عەبدولمەسیح بوو بە مەسیحی و عابیدێکی تەواو، ڕۆژێکیان پێی گوتم:[٦٩] "باوکەکەم ئێوە دەرگەی کڵێسای کاتۆلیک یان ڕاستتر دەرگەی ئاسمانتان بۆ واڵا کردمەوە، حەز دەکەم بەردەوام کوڕی وەفاداری ئێوە بم، بەوەی ئەو زانیارییانە تەواو بکەم کە پێم دابووی".

## ٩

## مەرگی عەبدولمەسیح

عەبدولمەسیح وێڕای پێکهاتەیێکی بەهێز، کەچی دوای بە مەسیحیبوونەکەی زۆر نەژیا. هەردەم ئەو بیرەی لە مێشکدا بوو کە دەبێ یەک ساڵ دوای

---

٦٩. نومایندەی پاپا: délégué apostolique

باتیـمـەکـەی بمرێ، ئەو تـێبـینیـیـەی کـە لەوەتای وەک دەڵێن ئـەو خـەونـەی کـە بانگهـێشـتنی لێ کـرابوو تا ببـێتـە موریدی مـەسـیـحی فـریادڕەس Christ-Rédepler کە لەوکاتەوە تێگەیشـتبـوو کە هـەر تـەنیا نزیکەی سـاڵێک زیاتر لە دوای مـەسـیـحـیبـوونـەکـەی زیاتر ناژی، ئـەوەی کە دەبێ هـەرچی زووتره بیکات ئەگەرنا بـەر نەفرەتێکی هـەمـیـشـەیی دەکـەوێ. ڕاسـتـیـیـەکـەی، عـەبـدولـەسـیـح ڕۆژی ٩ی ئـۆکـتـۆبـەری ١٨٩٩ نـزیـکـەی نـۆ مـانـگ و نـیـو دوای بـە مـەسـیـحـیبـوونـەکـەی بە هـۆی خـوێن لەبەر ڕۆیشـتنێکی بەهـێز کـە دەرەتانی لێ بڕیبوو، مرد.

## ١٠
## وەرگێڕاوی عەرەبیی کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان

مـانگێک بەر لـە مـردنی ڕۆژێکیـان عـەبدولـەسـیح پێـی گـوتم کـە هـەردوو کـتـێبـە پیـرۆزەکـەی ئێـزیدییـەکـان مـاوەیێکی زۆرە کـراونەتـە عـەرەبی و بـۆیەش وەرگـێـڕدراون بۆ ئـەوەی ئەو دوو کـتـێبـە پیـرۆزەی کـە لـە دەورانی ئادەمـەوە لەلایـەن خـوا خـۆی نووسـراون و هـاتوونەتـە خـوارەوە، نـەکـەونە بـەرچاو و دەسـتـان. وەرگێڕانەکە بە نزیکەیی وەکو خۆیەتی. ئەو کاتانە کراوە بە عەرەبی کە زمانی ئەم تایەفەیە ناسراو بووە. لەلایەن ئێزیـدیێک کە زمانی عـەرەبیی لە یەکێک لە قـوتابخـانە مـەسـیـحـییـەکـانی مووسـڵ خوێندووە و لەبەر ئۆرجـیناڵە ئەسڵییەکە گیراوەتەوە کە لەلایەن سـەرۆکی ئاینیان پارێزراوە و بڕێک جاریش لەناو سندووقە پیرۆزەکە لەگەڵ کتێبە خواییەکانی تر پارێزراوە".

" هـەتاوەکو کتێبە وەرگێڕاوەکانیش نابێ بدرێنە دەست کەسـانی غـەیرە دین profanes، من لـێـتـان دەپاڕێمـەوە، باوکـەکـەم، (عـەبدولـەسـیح درێژەی پێ دەدات) کە بە هیچ شێوەیێک تا من لە ژیاندا بم چاپیان نەکەن".

١١

## چارەنووسی کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان دوای بڵاوکردنەوەیان

دەمەوێ ئەوەشتان پێ بڵێم، (تازەکارە ئاینییەکەم دەڵێ) کە من زۆرجاران لە سەرۆکی ئاینیی باڵای خۆمانم بیستووە کە دووبارەی کردووەتەوە کە دەبێ بە شێوەیەکی قەتعی و بە گەورەترین سوێند نکوولّی لە هەبوونی کتێبی پیرۆز بکەین لەناو ئاینی ئێـمـەدا. هەتاوەکـو دەبێ بە شـێـوەیێکی زۆر نـهێنی ناوەکانیشیان بپارێزین.

" چەندین ئێزیدی بە سەختترین شێوە ئەشکەنجە دراون و مەرگی پڕ جەفایان چەشتووە هەر لەبەرئەوەی ناوی کتێبە ئاینییەکانیان ئاشکرا کردووە، مێژووی نووسراوی بێگانەکانیش دەبێتە بەڵگە". هەمان سەرۆکی باڵا لە زۆر بۆنەدا ئەوەی دووپاتە دەکردەوە کە ئەگەر کتێبەکان دزران ئەوا دەبێ دەستەوجێ ئەو شوێنەی کە سندووقەکەی تێدا هەڵگیراوە تێکوپێک بدەن، ئەگەر سندووقەکە دوای ونبوونی ئەو پارچە کاغەزانەی کە تێدا بووە مایەوە، ئەوا دەبێ دەستەوجێ هەرکە پێی زانرا ئاگر لە قاسە چکۆڵانەکە بەربدەین و ئەو شوێنە پیرۆزەی کە سندووقەکەی تێدا شاردراوەتەوە تێکوپێک بدەن، خۆ ئەگەر دواجار لاپەڕە خواییەکان لەبەریان گیرایەوە یاخۆ بەم شێوەیە یان بە شێوەیێکی تر کەوتنە بەردەستی خەڵک و چاپ کرانەوە، ئەوا دەبێ دەستەوجێ دوای ئاگەداربوون هەمووی توورِ هەڵدەینە ناو ئاگرێکی پیرۆزەوە".

منیش لێم پرسی جا ئەم هەموو خۆپارێزییە لە پای چی: کەوا ئاشکرایە بێهوودە و بێ سوودە.

وەرامی دامەوە: "چونکو لەناو کتێبە خواییەکانی ئێزیدییەکان ئەوە هاتووە کە هەموو ئاینەکان هەڵەن و ئەوانەش وەک ئەوەی ناویان دەنێن پێغەمبەرەکان جگە لە کەسانی گومڕا کەم و زۆر فێڵباز زێتر هیچی تر نین و بۆیە ئەگەر

موسڵمانەکان یا وەکو مەسیحییەکان ئەم بۆچوونانە بزانن، ئەوا جارێ لە خوێن هەڵکێشانیان و فەرمانی ڕەشەکوژێکی گشتییان بۆ دەردەکەن".

بەم پێیە لە سایەی درۆیەکانیان کە وەکو ڕێگەپێدراوی دادەنێن، دەرفەتی ئەوەی بە پیاوە ئاینی و پیرۆزەکانیان داوە کە بتوانن تا ڕۆژی ئەمڕۆ رازی پەرستنەکان و سەربەخۆیی نیشتمانییان بپارێزن. پیاوە ئاینییەکانیان هەموو نووسراوەکان دەفەوتێنن تەنیا بۆ ئەوەی ئەو قسانە بە درۆ بخەنەوە بکەن کە لەبارەیانەوە دەگوترێ. ڕاستییەکەی ئەوان دەتوانن پێش ڕوودانی نەگبەتییەکە دەنگۆی وا بڵاو بکەنەوە، بۆ ئەوەی هێشتا زۆر کارامانەتر ئەو سندووقە پیرۆزە بشارنەوە کە لە ژیانی خۆیان زیاتر خۆشیان دەوێ، چونکو ئەمە تاقی پیرۆزی[٧٠] ئەوانە. وەختایەکیش داوایان لێ دەکرێ داخۆ کتێبی پیرۆز یا نووسراوی سروشیان هەیە، بە گەورەترین سوێند نکووڵیی لێ دەکەن، خۆ ئەگەر پێش دابگیرێ و هیچ بوارێکیان لە بەردەمدا نەمێنێتەوە ئەوا چەند دەستنووسێکی گۆرانیی کوردی یا گۆرانیی عەرەبی یا وەکی تر شتێکی لەو چەشنە دەخەنە بەردەس کەسە چاوبگێڕەکە بۆ ئەوەی لە کورتیدا وەڵامی ئەو پرسیارانە ببڕنەوە کە زۆر جاڕسیان دەکات.

بە هەمان شێوە ماندییەکانیش کە بە ناوی بازاڕیی سوبا Subbâ ناسراون لە بەرامبەر ئەو بێگانانەی کە دەیانەوێ تایەفەکەیان بناسن هەمان ڕەفتار دەکەن.

بەمجۆرە هەرگیز نەتوانراوە بزانرێ ئێزیدییەکان کێن؟ باوەڕیان چییە، چی پەسن دەکەن لە عەقیدەکەیان و چلۆن بیر لە سوژەی ئاینەکانی تری جیهان و نووسەرەکانیان دەکەنەوە.

عەبدولەسیح ڕێگەی دام دوو کتێبۆلکە پیرۆزەکەیان ترەنسکرپسیزە بکەم کە من بە نهێنی کۆپییەکم لێیان گلدایەوە، بەبێ ئەوەی ڕێگەی دابم بە

---

٧٠. تاقی پیرۆز: arche d'alliance ئەو سندووقەیە کە جوولەکەکان کتێبی لەوحەی دە ئامۆژگارییەکانی خۆیان تێدا هەڵدەگرن، وەرگێڕ.

شێوەیەک لە شێوەکان بڵاوی بکەمەوە یاوەکو هەتا گوتنی ئەوەش کە بڵێم من ئەم کتێبانەم هەیە.

## ١٢

## دەستنووسێکی دووەمی عەرەبیی نووسراوەکانی ئێزیدییەکان

لە مانگی ئایاری ١٩٠٤ دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت سەرێکی مووسڵ بدەم. بەو پێیەی ناسیاویم لەگەڵ بەڕێز عەزیز قەس یوسف، وەرگێڕی کونسوڵگەی فەرەنسا هەبوو، داوام لێ کرد ئەگەر بتوانێ بڕێک زانیاریم لەبارەی ئێزیدییەکانەوە بداتێ. پێی گوتم: " هیچ زانیارییەک جێگەی ئەوە ناگرێتەوە لەوەی کە عەقیدەکەیان لەناو کتێبە تایبەتییەکانیاندا بخوێنیتەوە. من کۆپییەکی کتێبە وەرگێڕاوەکانیانم لا هەیە ". پێم وابوو شۆخیم لەگەڵدا دەکات، بەڵام وەختایەک لە چەکمەزەکەی ئەو دەفتەرەی دەرهێنا کە لەناو چەکمەزەکەی بوو زۆر سەرسام بووم.

من دەستنووسەکەی یەکەمی خۆم لەگەڵدا نەبوو (بڕوانە بەشی دەیەم) تا لەگەڵ ئەوەی وەرگێڕاوەکە بەیەکەوەیان بگرم. هەر دەمودەست مشوری ئەوەم خوارد کۆپییەکی وشە بە وشەم لەبەری گرتەوە تاوەکو بە وردی لەگەڵ ئەوەی خۆم بەراوردی بکەم.

ئەو دەستنووسەی کە من ناوی دەنێم دەستنووسی مووسڵ[٧١] زۆر پڕ هەڵەتر بوو. لە تێرمەکانیدا چەند شتگەلێکی نوێیان تێدا بوو، بگرە هەر زۆر

٧١- بە گوێرەی زانیارییەکانی گیست ئەم دەستنووسەی عەزیز قەس یوسف بە دەستی کەوتووە کاتی خۆی لەناو کاغەزە کۆنەکانی سەرۆکێکی ئێزیدییەکان بووە و لە کاتی لەشکرکێشییەکی سوپای عوسمانی دەستیان بەسەردا گرتووە و دواتر عەزیز قەس یوسف توانیویە کۆپییێک لەبەر ئەم دەستنووسە بگرێتەوە، بڕوانە:
Guest, John S., Guest, The Yezidis: A Study in Survival, Ed. KPI, London & New York, 1987, p.153.

تازەش بوون، ئەو دەستنووسەی کە من ناوی دەنێم دەستنووسی شەنگاڵ زۆر تەواوترە.

١٣

وەچنگخستنی دەستنووسە ئۆرجیناڵەکان

لە دوادواییییەکەی مانگی حوزەیرانی ١٩٠٤ من مووسڵم بەجێ هێشت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بیاوان بە شەنگال، دێرزور، حەلەب و بەیرووتەوە بچمە ڕۆما.

کاتێک گەیشتمە شەنگاڵ چووم شێخی ئێزیدییەکان ببینم، پیاوێکی بالآبەرز، دوو چاوی گەورە و ڕەش و پرچێکی درێژ. ڕۆبێکی سپیی گەورەی پۆشیبوو کە کەلێنێکی گەورەی بە ناوچەی سنگییەوە بوو کە لەوێوە سینە پڕ مووەکەی لێوە دیاربوو. بە عەرەبییێکی چاک دەئاخاوت و زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کردم و بە لێشاو پرسیاری لێ دەکردم کە من بە شێوەیەکی نەزاکەت، کورتبڕ، نارۆشن و بێلایەنانە هەموویم وەڵام دایەوە. بۆ ئەوەی بەردەوام نەبێ من بداتە بەر ڕێژنەی پرسیاران کە من ئامانجێکم تێدا نەدەبینی، منیش لەلایەنی خۆمەوە دەستم کرد بە پرسیارلێکردن بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی پۆزەتیڤ. لە کاتی گەڕانەوەم بۆ ژێر ڕەشماڵەکەم هەموویم یاداشت کردن و تکام لە کتێبخانەوانەکە کرد دەوروبەری ئێوارە بێت بمبینێ و وادەم پێ دا کە بەخشیشی بدەمێ. ئێوارە کتێبخانەوانەکە بەر لە وادەی خۆی هات بمبینێ، چونکە وشەی بەخشیش قاچەکان چوست دەکات و دەرمانی بەناوبانگە وەک پادشای هەموو وڵاتان بۆ بەتەنگەوەهاتنی سستیی خەڵک و لە هەمان کاتیشدا بۆ دنەدانی چالاکییەکی گەورە.

وەختایەک هات و لە تەنیشتمەوە دانیشت و زانیم کە هەردووکمان بە تەنیاین، هەموو ئەو شتانەی لەبارەی ئێزیدییەکانەوە دەمزانی پێم گوت، کتێبەکانیان، کتێبخانەکەیان... هتد عەبدولەسیح مردبوو ئیدی هیچ نەدەترسام نە بۆ ئەم و نە بۆ خۆم. وادەی ٢٠ فرەنکم پێ دا بۆ هەر

لاپەڕەیێکی کتێبی جیلوە و ٣٠٠ فرەنکیش بۆ ترەنسکرپسیۆنی مەسحەفا ڕەش کە هەمووی بەسەر یەکەوە ٤٦٠ فرەنکی دەکرد لەگەڵ ٤٠ فرەنک وەک بەخشیش کە هەمووی بەسەریەکەوە بڕی ٥٠٠ فرەنکێکی چاکی دەکرد. ئەو کە هەرگیز گوێبیستی پارەیێکی ئاوەها نەبووبوو، ڕازی بوو. کاغەزی تەنک (شەفاف)م پێ دا تا وەکو خۆی بە دەستپاکی و دەقاودەق وەکو خۆی servile-ment ئەو لاپەڕانەی مەبەستن بیانووسێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە یاد بکات و نە هیچێکیشی بۆ زیاد بکات و نە هیچێکیشی لێ کەم بکاتەوە. ئەم کتێبخانەوانە ناوی حەمۆ Hammu بوو ئەویش دوو ساڵێک بەر لە ئێستە مرد و عەرەبیێکی چاکی دەزانی و لەلای مەلایەکی نزیک بە شەنگاڵ فێری خوێندنەوە و نووسین بووبوو و لە ئەنجامدا لە نووسیندا کارامە بوو.

لەبارەی مەسحەفا ڕەشەوە وەک چۆن بڕێتیبوو لە پارچە کاغەز، ئەویش بە هەمان شێوە دەستپاکانە کۆپیی کردبوو و لەسەر شێوەی یەکەم، واتە هەر لاپەڕەیەکی بۆ کۆپی دەکردم، لە خوارەوەی هەر لاپەڕەیەکەدا ئەو وشەیەی دەنووسییەوە کە دەبوو سەرەتای لاپەڕەی دواتر بەو وشەیە دەست پێ بکات. ئەم کارە ماوەی دوو ساڵی کێشا، چونکو کتێبخانەوانەکە لە ساڵێکدا هەر تەنیا چەند ڕۆژێک دەیتوانی دەستنووسەکە ببینێ و ئەو ڕۆژانەش زۆر دەگمەن بوون. بەپێی توانای تەواوکردنی، لاپەڕەکانی یەک لە دوای یەک بۆ دەهێنام و منیش بە هەمان شێوە پارەکانم دەدایێ. بەم شێوەیە دەتوانم بڵێم ئەم کتێبەی ئێستە لە بەردەستدایە یەکێک لە گەنجینە گەورەکانی ئەدەبیاتی سەدەی ئێمەیە و نهێنیترین ڕازی جیهانە و شایستەی ئەوەیە کتومت وەک خۆی بێت و ئێستەکە دەتوانین بزانین ئاینی ئێزیدی چییە کە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان لە قوژبنێکی هەرە تاریکی جیهانی ئاینی شاردرابووەوە.

## ١٤

## چۆن نووسینە ئێزیدییەکانم لێکدایەوە

وەختایەک ئەم دوو دەستنووسەم بەردەست کەوت، بە هیچ شێوەیەک نەمتوانی نووسینەکەی بخوێنمەوە. پیتەکان بۆ من تەواو نەناسراو بوون، هەموو ئەلفوبێی بەردەست و خەیاڵییەکانم وەبندەست خست بەڵام ئەنجامێکی وای نەبوو. لە وتووێژەکانم لەگەڵ بەڕێز لویی ماسینۆن، ئەو گەنجە رۆهەڵاتناسە فرەنسابییە بە منی گوت: " مادام ئێوە وەرگێڕاوە عەرەبییەکەتان هەیە ئیدی ئێوە تەنیا ئەوەتان لەسەرە بە دوای ناوە عەلەمەکاندا بگەڕێن بۆ ئەوەی کلیەکانتان دەست بکەوێ". بێگومان دوای ئەوەی وەرگێڕاوە عەرەبییەکەم بەدەست گەیشت لەگەڵ ئەم کارەدا خوێندنەوەکەی تەنیا یارییەکی منداڵانە بوو[٧٢].

## ١٥

## دیالێکتی پیرۆزی کۆنی ئێزیدییەکان

من هەستام هەموو دەقەکانم لێکدایەوە و لەسەر دەفتەرێکی یاداشتنووسی بە پیتی عەرەبی ڕوونووسم کردن. کەوتمە بەرامبەر بە زمانێک کە لێی تێ نەدەگەیشتم، نە فارسی، نە عەرەبی و نە تورکی بوو، تێکەڵاوێک بوو لەم سێ زمانە و تێرمی تر کە لەناو هیچ فەرهەنگێک لەو فەرهەنگانەی لە بەردەستمدا بوون نەبوون. دواجار زانیم کە ئەمە دیالێکتێکە لە زمانی کوردیی کۆن دەچێ کە ئەمڕۆ قسەی پێ ناکرێ و وشەکانی لەناو زۆر لە دیالێکتەکانی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە.

٧٢. بە ڕاستی لەمبارەیەوە من بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کەرمەلیی-دا نیم، کێ دەڵێ وەرگێڕاوە عەرەبییەکە بە ئەمانەتەوە کراوە و کێ دەتوانی گەرەنتیی ئەوە بدات کە تێکستە بە عەرەبیکراوەکە زیاد و کەمی بۆ نەکراوە؟ دەبوو کەرمەلیی بیگوتبایە ئێمە لە ناچارییەوە پەنامان بۆ وەرگێڕاوە عەرەبییەکە بردووە دەنا تێکستە بە عەرەبیکراوەکە هەرگیز جێگەی تێکستە کوردییەکە ناگرێتەوە، وەرگێڕ.

ئێمە لە بەغدا ٥٠٠٠ کوردمان لە خێڵ و تیرەی جیاجیا هەیە، لە سایەی ئەوان و بە هۆی زۆریی پرسیارکردنەکانم گەیشتمە ئەوەی لە واتەی گشتیی هەردوو دەستنووسەکە تێ بگەم کە بێگومان وەک هەموو کات هاوجووت نییە لەگەڵ ڕێنووسەکەی. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم کە بە ئاسانی هەروەک لە وەرگێڕانە عەرەبییەکە پاشماوەی بیرەکانم بۆ نەدەدۆزرایەوە. دەبێ دانیش بەوەدا بنێم کە من وەرگێڕانە ئازادەکانم لە ڕووی وەرگێڕاوە عەرەبییەکە وەرگێڕاون نەوەک لە رووی ئۆرجیناڵە کوردییەکە کە ئێستەکەشی لەگەڵدا بێ زۆر ئاشکرا نین.

مــشـــوری لێکۆڵینەوەی ڤــوولتــر لەبارەی دیالێکتی پیــرۆزی کــۆنی ئێزیدییەکانەوە بۆ ڕۆهەڵاتناسەکانی تر جێ دەهێڵم کە لە ئێزیدیی مۆدێرن جیاوازە و من لە کۆواری (المشرق) چەند نموونەیەکم لێ بڵاو کردنەوە. من بەو پێیەی نە زمانی فارسی و نە تورکی نازانم زۆر خۆ نزمگرانە دان بەوەدا دەنێم کە من هەتا ئەوەش نیم کە ئەم پرسە بخەمە بەر ڕووناکی تەنیا مەگەر چەند مانگێک خۆم بۆ ئەوانە تەرخان بکەم[٧٣].

٧٣. بەڕێز M. Bittner لە زانکۆی ڤییەننا کە لێهاتوویی زۆر و شارەزایی لە چەند زمانێکی سامی و تورکی، لە ئەرمەنی، فارسی تەواو ناسراوە (بە تایبەت بڕوانە ئەو میتۆدەی کە لە نووسراوەکەی خۆیدا بەکار هێناوە).

Der vom Himmel gefallene Brief Christi in seinen morgenländischen Versionen und Rezensionen. Denkschriften dre Kaiserl. Akademie d. Wiss. In Wien, phil-hist.kl, Bd LI, Abt.

میهرەبانیی نواند کە خۆی تەرخان کرد بۆ ئەوەی وەرگێڕانێکی تەواوی تێکستە ئۆرجیناڵە کوردییەکە بڵاو بکاتەوە و لێکدانەوەی گشتگیری بۆ ئیزافە بکات و لە هەموو وردەکارییە فیلۆلۆجی و زمانەوانییەکان بکۆڵێتەوە. ئەم کارە دەبێتە بەرگێکی (Bibliothèque –Anthropos) دەشێ– وەک چۆن بەڕێز پرۆفیسۆر م، بیتنەر ئێستەکە خەریکە بۆ دوایەمین جار دەست بەکارەکەیدا بگێڕێتەوە– لە یەکەم مانگەکانی ساڵی ١٩١١ بڵاو ببێتەوە. بە هەمان شێوە لەناو ئەم بەرگەدا کۆپیی عەرەبی دەستنووسی شەنگاڵ بڵاو دەبێتەوە کە ئەنستانس ماری کەرمەلیی بۆی ناردووین هاوڕێ لە خوارەوەی هەر لاپەڕەیەکدا خوێندنەوەیێکی وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی مووسل بڵاو دەکرێتەوە.

١٦

## وشەیێک لەبارەی ئەلفوبێی ئێزیدیاتییەوە

ئەوەی یەکەم جار ئەم نووسینە ببینێ سەرسام دەبێ، نیشانەی جیاکەرەوەی ئەم نووسینە ئەوەیە پیتەکانی خاڵ یا نیشانەی زێدەکارییان بەسەرەوە نییە کە پیتێک لە یەکێکی تر جیا بکاتەوە کە لەو بچێ، هەروەک لە زمانی عەرەبیدا وایە. ئەم نیشانەیە بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی بگوترێ ئەم ئەلفوبێیە کۆنە یا وەکو لە سیستمی ئەلفوبێیەک وەرگیراوە کە تازە نییە.

بۆچی ئێزیدییەکان ئەم فۆرمە نوێیەی ئەلفوبێیان گونجاندووە و لە کوێیان هێناوە؟ لێکدانەوەی هۆیەکەی ئاسانە: ئێزیدییەکان دەوروبەریان هەمووی کۆمیونیتەی ئاینی هەمەچەشنەیە و هەریەکێکیشیان سیستمی نووسینی تایبەت بە خۆیان هەیە. زیاد لەوەش، ئەم شەیتانپەرستانە عەقیدەیەکی زۆر سەیروسەمەرەیان هەیە کە بە شێوەیێکی بەرچاو لە ئاینەکانی تریان جیا دەکاتەوە. ڕاستییەکەی، ئەم شەیتانپەرستانە بوونەتە سۆنگەی بە سووک چاولێکردن و تۆقین لەلایەن ئاینەکانی ترەوە.

وا دیارە ئێزیدییەکان ناچار بوونە سیستمێکی نوێ پێڕەو بکەن بۆ ئەوەی کتێبەکانیان ئەگەر کەوتنە دەست خەنیمەکانیان لێیان تێ نەگەن. کەوابوو هەڵبژاردەیەکیان لە پیتەکان لەناو ئەلفوبێی هەمەچەشنەی هاوسێیەکانیان وەرگرتووە کە لە زۆربەیاندا بەجێهێنانەکانیان گۆڕیوە یاوەکو لەگەڵ فۆرم و بەجێهێنانی خۆیان گونجاندووە کە ئەمە زۆر دەگمەنە. ئەوان خەمخۆری ئەوە بوون ئەو پیتانە کە لە ئەلفوبێی هەمەچەشنەکاندا بێ خاڵن هەڵبژێرن بۆ ئەوەی نووسینەکانیان نیشانەیەکی تایبەتی جیاکراوە و گشتیی بەسەرەوە بێ.




ئەلفوبێی تایبەتیی نووسراوی ئێزیدییەکان

ئێـزیدییــەکـان برێک جـار چوار پیت بە خـاڵی نیـشــانە puncta diacritica دەنووسن، (ر)ی زۆر سـووک لـەگـەڵ خـاڵێک لە خـوارەوە. (ل)ی قـەڵەو لەگـەڵ خـاڵێک یاوەکـو لەگەڵ ددانەیەک[٧٤] لە سـەرەوە، w– (وو)ی زۆر سـووک لـەگـەڵ خاڵێک لە خوارەوە و (ل)ی زۆر سووک لەگەڵ خاڵێک لە خوارەوە. بە شێوەیێک کە دەتوانین بڵێین هەموو جارێک کە بیانەوێ پیتێک سووک بکەنەوە بە خاڵێک بۆ خـوارەوە جیـای دەکەنەوە، لە کـاتێکدا بە خـاڵێک بۆ سـەرەوە پیتی قـەڵەو دیاری دەکەن، بێجگە لە (ل)ی قەڵەو نەبێ کە بە هێڵێکی بچووکی پان جیـا دەکرێتـەوە کە دەخرێتـە سـەر سـەروو یاوەکـو بە خـاڵێک کە ئەویش دەکـەوێتـە سـەرەوە. بەم شـێوەیە دەبینین کە زۆر پێوەندیی نیشـانە لەناو تێکسـتـەکەدا دەبینرێ، نیشانەی ^ کە دەخرێتـە سەر پیتێک نیشانەی ئەوەیە کە پیتەکە بە هەڵە نووسراوە.

---

٧٤. ددانە: dentelure

کتێبی یەکەم

## جیلوە

### جیلوە[٧٥]

١– یەکەمی هەموو ئافەریدەکان مەلیک تاووسە Melek-Taûs.[٧٦] ٢– هەر ئەویشیان بوو کە ئەبتاوس Abtâusی هەنارده سەر ئەم دنیایە تا گەلە هەڵبژاردەکەی خۆی پەروەردە و ڕێنوێنی بکات و لە لادان و هەڵە ڕزگاریان بکات. ٣– هەوەڵ جار بە زار و دواتر لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە کە ناوی (جیلوە)یە Jelweh، ئەو کتێبەی کە هیچ بێگانەیەک بەم ئاینە نابێ بیخوێنێتەوە.

### بەشی یەکەم

١– من بووم، منم و تا هەتاهەتایەش هەر دەسەڵاتم بەسەر ئافەریدەکان و بەڕێوەبردنی بەرژەوەندی و کاروباری هەموو ئەوانەوەیە هەیە کە لەژێر دەسەڵاتی مندان. ٢– هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە منە و لە تەنگەتاویدا هانام

٧٥. وەرگێڕانێکی زۆر ئازادە و لە رووی دوو نوسخە عەرەبییەکەوە کراون بە فەرەنسایی، بڕوانە لاپەڕەکانی ٨ و ١٠ (مەبەست لە لاپەڕەی چاپە فرەنساییەکەیە و لاپەڕە کوردییەکانی بەرامبەر لاپەڕەکانی ٥٥–٥٧ی ئەم کتێبەی بەردەستتان دەوەستێ، وەرگێڕ)

٧٦. ژمارە دانانەکان لەلایەن ئیدیتۆری (کۆوارە فرەنساییەکەوە) خراونەتە ناو تێکستەکە.

وەبەردێن بە پەلە بە هانایانەوە دەچم. ٣- من لە هەموو شوێنێکدا هەم. من دەستم لەناو هەموو ئەو ڕووداوانەیە کە بێباوەڕەکان پێیان دەڵێن (خراپەکان) هەر تەنیا لەبەرئەوەی لەگەڵ حەزی ئەوان یەک ناگرێتەوە. ٤- بە گوێرەی فەرمانی من هەموو سەردەمانێک سەرداری خۆی هەیە و هەموو نەوەیەک لەوەی پێش خۆی جیاوازە. سەرداری ئەم جیهانە و هەموو سەردارەکانی تریش هەریەکەیان بە کاتی خۆی دوای ئەوەی ئەرکی خۆیان بەجێ دەهێنن دەگۆڕێن. ٥- ڕێگەم بە سروشت داوە دروستکردنی ئەوانە تەواو بکات کە ڕێک دەبن لەگەڵ هەموو دادوەرییەکدا. ٦- ئەوەی بە پێچەوانەی من بجووڵێتەوە جگە لە پەشیمانی و خەم هیچی تری بۆ نامێنێتەوە. ٧- خوایەکانی تر بە هیچ شێوەیەک دەست ناخەنە ناو کاروباری منەوە و ناتوانن بە هیچ کلۆجێ ڕێگەی ئەوەم لێ بگرن کە من دەیکەم. ٨- ئەو کتێبانەی کە دەکەونە دەست ئەوانەی بێگانەن بە ئاینەکەم (ئاقیدەکەم) هیچ ڕەسەنایەتییەکیان نامێنێ و پێغەمبەر نەینووسیون. ئەم بەدبەختانە خۆیان گومڕا کردووە و ئاستەنگیان بۆ خۆیان هێناوەتە پێش. ئا بەم شێوەیە هەریەکە لە پێغەمبەرەکانیان ئەوەی پێغەمبەرەکەی پێش خۆی بنیاتی ناوە دەڕووخێنێ[77]. ٩- لەولای تر درۆ و ڕاستی بە تاقیکردنەوە دەردەکەوێ. ١٠- سزایەکانی من بۆ ئەو کەسانەن دژی من قسە دەکەن، ئەگەرچی زانا بن لە هەموو شتێکیشدا. چەند شتێکم پاراستووە داکۆکی لە چەند کارێک دەکەم هەمووی لە کاتێکی دیاریکراو و بە شوێنی خۆیدا. ١١- ئەوانەی بە شوێن ئاقیدەی منەوەن ڕێنوێنییان دەکەم و دەیانخەمە سەر ڕێگەی ڕاست و ئەوانەی کە گوێڕایەڵیم دەکەن چێژێکی تەواو لە پرەنسیپەکانی من وەردەگرن.

---

٧٧. ئەم ڕستەیە لەگەڵ ڕستەی پێش خۆی ناگونجێ، پێم وایە ناتەواوییەک لە تێکستەکەدا هەیە کە نازانم داخۆ لە تێکستە ئەسڵییەکەشدا وایە یان نە؟ وەرگێڕی کوردی.

## بەشی دووەم

١- من بە گـوێرەی زانیـارییـەکـانی خـۆم هەمـوو مـرۆڤـێک سـزا و پاداشت دەدەمـەوە. ٢- هـەمـوو ئەوانـەی لە زەوی، ژێر زەوی و لـەسـەر زەویدان لـەژێر دەسـەڵاتی مندان. ٣- رێگە بـە پێکداهەڵپـرژانی ئینسـانـەکـان نادەم. ٤- دژی خێر و چاکەیان ڕاناوەستم، بە تایبەت ئەگەر ئەم چاکەیە بە قازانجی ئەوانە بێت کـە بێ یـەک و دوو گـوێڕایـەڵیم دەکـەن. ٥- بەرژەوەندییـەکـانم بـە وانە دەسپێرم کە تاقیم کردوونەتەوە و دەزانم لەگەڵ حـەزەکانی مندا یەکن. ٦- بەم شـێـوەیە یان بـە شـێـوەیەکی دیکە خـۆم بـۆ ئەوانەی باوەڕدارن یا ئـەوانەی بە گوێرەی قسـەکانی من دەجـوولێنەوە وەدیار دەخـەم. ٧- ئەوە منم دەبەخشم و وەردەگرمـەوە، ئەوەی کـە دەوڵەمـەند دەبـێ و ئەوەی کە هـەژار دەبێ، ئەوەی کە دەبێـتە خـۆشحـاڵی ئینسانەکان و ئـەوەی دەبێتـە هـۆی سیاچارەییـیان، بەڵام ئەوانە هەمـوویان پێبەسـتن لـەگەڵ ڕەوش و کـاتدا. ٨- هیچ کـەس هـەقی ئەوەی نیـــیــــە دەست بخـــاتـە نـاو کـــارەکـــانی مـن، هـەروەک چـۆن هـەقی بەرەنگاریبـوونەوەشـیـان نییـە. ٩- نەخـۆشی و دەرد و بەڵا بۆ ئـەو کـەسـانە دەنێرم کە گوێڕایەڵیم ناکەن. ١٠- ئەوانەی هـەوڵ دەدەن من ڕازی بکـەن وەکو خـەڵکی ئاسـایی نامـرن. ١١- ڕێگە بە هیچ کـەس نادەم مـاوەیەکی زۆرتر لەوە بژی کە بۆم داناوە، هـەڵبـەت ئەگەر پێم وابێ شیاوە دەتوانم بە پۆشـاکپۆشی[٧٨] (دۆناودۆن) دوو یا سێ جار بینێرمـەوە سەر زەوی.

## بەشی سێیەم

١- من بـەبێ کـتـێب، بەڵام بـە شـێـوەیەکی نـادیار، هـاوەڵ و بـاوەڕدارەکـانم ڕێنوێنی دەکـەم بۆ سـەر ڕێگەی ڕاست. ئامـۆژگـارییـەکانم بێ وەستـان هـەردەم

٧٨. پۆشاکپۆشی: métempsycose واتە گواستنەوەی ڕۆحی مردوویێک بـۆ ڕۆحێکی تر و خـۆنیشاندانی بە پـۆشاکێکی تر، ئەم وشـەیە لەناو ئەهلی هـەقـەکاندا تەواو بەرامبەر وشـەی (دۆناودۆن) دەوەستێ، وەرگێڕ.

لەگەڵ ڕەوشەکاندا ڕێک بوونە. ٢- هەموو ئەوانەی دژی من دەجوولێنەوە لەو دنیای تر سزایان دەدەم. ٣- نەوەی ئادەم ئەوەیان لە بیر چووە کە لەودیو گۆڕەوە چییان بۆ ئامادە کراوە بۆیە کاتی زۆری خۆیان بە هەڵە وەسەردەبەن. ٤- هەموو شتێک دەوەستێتە سەر من، ئاژەڵانی سەر زەوی، باڵندەکانی ئاسمان و ماسییەکانی ناو زەریایەکان، هەموو ئەم بوونەوەرانە لەژێر دەستی مندان. ٥- هەموو گەنجینە و خەزێنەکانی ژێر زەوی لای من ناسراون و تەنیا بۆ ئەو کەسەی منی دەوێ ناوە ناوە ئاشکرایان دەکەم. ٦- پەرجوو و ئاجوباتییەکانم بۆ ئەوان وەدیار دەخەم کە قەبووڵی دەکەن و داوای دەکەن. ٧- بێباوەڕەکان کە دژی منن یاوەکو خۆیان وەکو خەنیمی من بەدیار دەخەن، هەر تەنیا زیان بە خۆیان دەگەیەنن و لەوە بێ ئاگان کە من گەورەیی و سامانم هەیە و لە نەوەی ئادەم تەنیا بەوانەی دەدەم کە شایانن. ڕێکخەری دنیایەکان، وەرچەرخانی نەوەکان و گۆڕانی کارگێڕییان هەر لە دەورانی ئەزەلەوە لەلایەن منەوە ڕێک خراون.

## بەشی چوارەم

١- مافەکانی خۆم بە هیچ یەکێک لە خواوەندەکانی تر نادەم. ٢- چوار ڕەگەز، چوار وەرز و چوار ئەستوون (چوار گۆشەی دنیا) بۆ ئاتاجەکانی بوونەوەرەکان دروست کراون. ٣- کتێبی بێ باوەڕەکان، ئەو بەشانەی کە لەگەڵ یاسایەکانی مندا گونجاو و ڕێک بوون وەریان بگرن و ئەو بەشانەش کە ناگونجێن ئەوە لە هەڵبەستنی خۆیانە ٤- سێ شت هەن دژی منن و ڕقیشم لە سێ شتی ترە. ٥- ئەوانەی ڕاز و نهێنییەکانی من دەپارێزن پاداشتیان دەدەمەوە. ٦- ئەوانەی بە حەوسەڵەوە ئازار و مەینەتییەکانی ئەم جیهانە دەچێژن درێغی ناکەم لە پاداشتدانەوەیان لە یەکێک لە جیهانەکانم. ٧- پێم خۆشە هەموو باوەڕدارەکانم بە یەکەوە یەک بگرن تا دژی بێگانەکان بوەستنەوە. ٨- هۆ ئەو کەسەی بە شوێن ئامۆژگارییەکانی منەوە چوویت، هەموو شتێک کە گونجاو نییە لەگەڵ یاسایەکانی من وازی لێ بهێنە، خۆ

وەدوور بگرە لە ناوهێنانی من یا ئیشارەکردن بە ئاکارەکانی من بۆ کەسێکی غـەیرە، لە ترسی ئەوەی نەوەکـا گـوناهـێک بکەیت، چونکە ئێـوە نازانن کـە بێگانەکانی ئاینەکەم و ئاقیدەکەم چی دەکەن.

## بەشی پێنجەم

١- تا ئەو جێگەیەی دەکرێ پیرۆزی بە کەسایەتی و وێنەی من بدەن، چونکە ئەوەی چەندین سـاڵە دەیکەن وەبیـرتان دەخـاتەوە. ٢- گـوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانم بکەن و گوێ لە سەرۆکە ئاینییەکانم بگرن، چونکە ئەوانەن کە ڕێنوێنیتان دەکەن لە هەموو ئەوانەی نادیار و تایبەتن بە منەوە.

کۆتاییی کتێبی جیلوە

## IIe PARTIE:
### Texte des deux livres sacrés.









La découverte récente des deux livres sacrés des Yézidis.

2


P. ANASTASE MARIE, O. CARM.







کتێبی دووەم

## مەسحەفا ڕەش

١- هەوەڵ جار خوا مرواریيەکی گەورەی سپی لە ڕاز و پەنهانی زاتی خۆی دروست کرد. دواتر باڵندەيەکی دروست کرد ناوی ئەنفەر Anfer بوو، مرواريیە گەورەکەی خستە سەر پشتی باڵندەکە و ماوەی چل هەزار ساڵ لەسەری نیشتەوە.

٢-خوا لە یەکەم ڕۆژی يەکشەمدا فریشتەیەکی بە ناوی عیزرایل دروست کرد، ئەو فریشتەیە ناوێکی تریشی هەیە ئەويش تاووس مەلیکە و سەرداری هەموو فریشتەکانی ترە.

٣- دووەم ڕۆژ خوا فریشتە دەردایلی دروست کرد، کە شێخ حەسەنە.

٤- سێشەم ئیسرافیلی دروست کرد کە شێخ شەمسەدینە.

٥- چوارشەم لە نەبوونەوە فریشتە میکایلی دروست کرد کە شێخ ئەبوبەکرە.

٦- پێنجشەم فریشتە جوبرایلی لە نەبوونەوە دروست کرد کە ئەويش سەجادەدینە.

٧- هەینی شامایلی دروست کرد کە لەلای ئێمە بە ناوی ناسرەدین ناسراوە.

٨- شەمـوو تەنیا نورایلی دروست کرد کە جگە لە فەخرەدین کەسێکی تر نییە.

٩- مەلیک تاووس کرا بە سەرۆکی باڵای هەموو ئەم فریشتانە.

١٠- دواتر خوا حەوت ئاسمان، زەوی، خۆر و مانگی دروست کردن.

١١- فەخرەدین لەلای خۆیەوە، مرۆ، ئاژەڵ، باڵندە و ئاژەڵانی کێویی دروست

کردن و خستییانه ناو گیرفانی جلوبەرگی خۆیەوە و بەم شێوەیە بە هاوەڵی پۆلێک فریشتە لەناو مروارییە گەورەکە دەرچوو. دواتر دژی مروارییەکە هاوارێکی گەورەی لێ هەڵسا و دەمودەست مروارییەکە بوو بە چوار بەش. لە سینەیەوە ئاو دەرچوو و زەریای لێ دروست بوو. ئەو دەمانە هێشتا زەوی خڕ و بێ درز بوو.

١٢- دواتر خوا شێوەی باڵندەی بە جوبرایل بەخشی و ناردی تا هەر چوار گۆشەی دنیای دانا. دواتر پاپۆڕێکی دروست کرد کە جوبرایل ماوەی سی هەزار ساڵ تێیدا مایەوە و پاشان لە لالش نیشتەجێ بوو. ئەویش بە شوێن خۆیەوە دژی زەوی هاواری کرد و زەوی ڕەق ڕەق بوو. زەوی ڕەقەلان دەستی کرد بە لەرزین. ئەودەمە جوبرایل پارچەیەک لە مروارییەکەی هەڵگرت و خستییە ژێر زەوی بۆ ئەوەی سەقامگیر بێ و پارچەیەکی تریشی خستە سەر دەرگەی ئاسمان بۆ رازاندنەوەی. لەم بەشەی مرواری بوو کە مانگ و خۆر هەلاتن. پاشان دەورەی مانگ و خۆری بە تۆزێک رازاندەوە کە لە پارچەکانی مروارییەکەوە بوون و بوون بە ئەستێرەی گومەزی شینی ئاسمان. هەموو بە ئاسمانەوە هەڵواسرابوون.

١٣- هەر جوبرایل بوو کە دار و درەختی بە بەر و گژوگیای لەسەر زەوی ڕواند و هەر ئەویش بوو چیایەکانی هەڵنان بۆ ئەوەی زەویی پێ برازێنێتەوە. دواتر عەرشی لەسەر فەرشی شانازی دروست کرد.

١٤- ئەو کاتە سەرداری جیهان گوتی[٧٩]: "هۆ فریشتەکان، من ئادەم و حەوا دروست دەکەم و دەیانکەم بە مرۆ (بوونەوەر)". لە وەچەی ئەوانەوە (شهر ابن سفر) لەدایک بوو، کە نەتەوەیەکی لەسەر زەوی لێوە پەیدا بوو. هەر لە

٧٩. ئاخۆ مەبەست لەمە خوایە؟ - من نازانم مەبەست لەمەدا چییە. ئەگەر مەبەستی لە خوا بێ ئەوە جوبرایل نییە کە مرۆی دروست کردووە، هەروەک کەمێک پێشتر باس کراوە، لەوانەیە مەبەست لەمە جوبرایل بێت، بەلام بۆچی لێرەدا پێی دەڵێ سەرداری جیهان Souverain Maître.

هەمـــان ئادەم، نـەتەوەی ئیــزرایل پەیدا بـوو و بەم شــێـوەیـە مــیللـەتی هەڵبـژاردەی تـاووس مـەلیک، بە شــێـوەیەکی تـر نەتەوەی ئێـزدییــەکـان پەیدابوو.

١٥- پاشـان شێـخ ئادی بن مـوسـافـیـر لە خـاکی سـووریاوە هـات تا لە لالش نیشتەجێ بێ.

١٦- دواتر خـواوەند دێتـە سـەر چیـای ڕەش، هـاوار دەکات و دەمـودەست سـی هـەزار فریشـتـە دروست دەکات، لەو فریشـتـانە سێ دەسـتـەیان لێ دروست دەکات دەمودەست بۆ مـاوەی چل هـەزار سـاڵ دەست دەکەن بە پەرسـتنی. دواتر خـوا دەیانداتە دەست مـەلیک تـاووس و هـەڵیـان دەکـێـشـێـتـەوە بۆ ئاسمان.

١٧- پاشان خوا دابەزییە قودس و فرمانی بە جوبرایل دا کەمێک خۆڵ لە هـەر چوار گۆشەی دونیا بهێنێ. جوبرایل گوێڕایەڵی دەکات. (با)، ئاگر و ئاوی تێکەڵ بە خـۆڵەکـە کرد و بـەم شـێـوەیە هەوەڵین مـرۆی دروست کـرد و بە قودرەتی خۆی رۆحی پێ دا. خـوا فرمـانـی بە جـوبرایل دا تـا ئادەم لەناو بەهەشت نیشـتـەجێ بکات. جوبرایل بەو شێـوەیە ئادەمـی لەناو بەهەشت نیـشـتـەجێ کـرد. خـوا رێگەی بە ئادەم دا کـە بەری هـەمـوو درەخـتـەکـان بخوات، بەڵام ئەوەی لێ قەدەغە کرد دەست بۆ گوڵەگەنمەکان ببات.

١٨- دوای سەد ساڵان، تاووس مەلیک بە خواوەندی گوت:

- ئادەم چۆن وەچە پەیدا بکات؟ وەچەکانی کامانەن؟
- خـواوەند وەڵامی دایەوە: "من هـەمـوو شـتـێکم خـسـتـووەتە بەردەسـتی تۆ، چۆنت دەوێ ئاوا بکە"،
- ئەو کاتە تاووس مەلیک ڕووی لە ئادەم کرد و پێی گوت:
- ئاخۆ گەنمت خواردووە؟
- نەخێر، چونکە خوا لێی قەدەغە کردووم دەستی بۆ ببەم.
- بیخۆ چونکە ئەمە بۆ تۆ باشە.

هەرکە ئادەم گەنمی خوارد، سکی پەنما. ئەو کات تاووس مەلیک کە ئەو ئامۆژگارییەی ئادەمی کردبوو چووە ئاسمان و ئادەمی بەجێ هێشت.

١٩- ئادەم تەواو لە تاو ئازاردا هەراسان بوو و سکی پەنما بوو، ئەو هێندە پڕ بووبوو کە نەیدەتوانی بە هیچ شێوەیەک میز بکات. خوا "بەزەییی پێدا هاتەوە" و باڵندەیەکی دەنووک گەورەی بۆ هەنارد کە بە دەنووکی خۆی بە شێوەیەکی کارامە دەرووێکی لە شوێنێکی شیاو بۆ کردەوە. ئادەم یەکسەر ئارام بووەوە.

٢٠- جوبرایل ماوەی سەد ساڵان لە ئادەم جیا بووەوە و ئادەم خۆی خەمبار بینییەوە و ئەم هەموو ماوە دوور و درێژە هەر دەگریا.

٢١- خواوەند فەرمانی بە جوبرایل دا حەوا دروست بکات. فریشتەی گوێڕایەڵی خوا لە باڵی چەپییەوە ژنی ئادەمی دروست کرد.

٢٢- دوای ئەوەی ماوەی سەد ساڵان تەواو بوو. تاووس مەلیک لە ئاسمانەوە هاتە سەر زەوی بۆ ئەوەی سەرقاڵی میللەتی ئێمە بێ کە دروستی کردبوو. بەدەر لە پاشای کۆنی ئاشوورییەکان، ئەم پاشایانەی خوارەوەشی پێ دان. نەسرۆخ، بە وتەیەکی وردتر نەسرەدین، کامبیز یا فریشتە فەخرەدین، ئارتیمۆس یان فریشتە شەمسەدین. پاشان بەم شێوەیە دوو شانشینی دیکە، شاپووری یەکەم و شاپووری دووەمی پێ دان کە لای ئێمە ناسراون و حوکمڕانییەکانیان پێکەوە سەدوپەنجا ساڵ بوو و میرەکانی ئێمە ڕاستەوخۆ لەوانەوە کەوتوونەتەوە.

٢٣- ڕقمان لە چوار پاشا دەبێتەوە[٨٠].

٢٤- ئەوانە ئەوانەن کە ئێمە قەدەغەیان دەکەین، سەرەتا خاس، چونکە ئەوە

---

٨٠. لە هەردوو دەستنووسەکەدا هاتووە کە ئەوان ڕقیان لە چوار پادشایە، بەڵام ناوەکانیان ناڵێن. لەوانەیە ئەو پادشایانە بن کە زۆر ئازاری ئێزیدییەکانیان دابێ: خەلیفەکان یا پادشا تورکەکان بن.

ناوەکەی لە ناوی ژنە پێغەمبەری خاس[81]-مان دەچێ.

یەکەم: فاسۆلیا.

دووەم: رەنگی شین، بۆیە قەدەغەیە جلوبەرگی شین یا شتێکی بەم ڕەنگە بپۆشین.

سێیەم: لەبەر پیرۆزیی پێغەمبەر یۆنان Jonas ماسیی خواردن بە تەواوی قەدەغەیە.

چوارەم: ئاسک-یش هەروا بۆ ئێمە قەدەغەیە، چونکو ڕانە مەڕگەلی یەکێک لە پێغەمبەرەکانی ئێمەیە.

پێنجەم: شێخ و موریدەکان نابێ دەست لە گۆشتی کەڵەشێر بدەن، چونکە ئەم باڵندەماڵییە وێنەی تاووسە و ئەمیشیان یەکێک لە حەوت خوا نایابەکانی گەردوونە.

شەشەم: ئەوان نابێ بە هیچ شێوەیەک ئەوەیان بە بیردا بێت کولەکە بخۆن.

حەوتەم: میزکردن بە پێوە بە توندی قەدەغەیە.

هەشتەم: کەس نابێ بە دانیشتنەوە دەرپێ لەبەر بکات.

نۆیەم: بۆ میزکردن نابێ ئاودەست بەکاربێنین.

دەیەم: گەرماوی گشتی (حەمام) bain public بە هەموو شێوەیەک لای ئێمە قەدەغەیە.

---

٨١. ئەم ژنە پێغەمبەرە کە ناوی خاستە یا خاسەیە کێیە؟ من نەگەیشتمە ئەوەی ناوەکەی لەگەڵ هیچ ژنە پێغەمبەرێک بەو ناوە بناسمەوە. ئاخۆ مەبەست لەمە کچی خوسەیە XUSS کە خەڵک پێی دەڵێن خایسس یا خاسیە؟ من زاتی ئەوە ناکەم ئەمە پشتڕاست بکەمەوە، چونکە ئەم کچە لە دەورانی پێش ئیسلامەتیدا تەنیا بە داناییەوە بەناوبانگ بووە نەک بە پاکیزەیی یان بە زوهدەوە. بەهەرحاڵ، بۆ مەبەستی چاکتر ناسینی کچی خوس ئەوە دەبێ تەنیا نووسراوەکەی Dr. Perron, les femmes arabes avant et depuis l'Islamisme, pp. 41, 43-46. بخوێنینەوە.

یازدەم: ئەوەیان لیستی ئەو ناوانەیە کە قەدەغەن: بەم شێوەیە:

ئا: شەیتان satatn، چونکە ناوی خوای ئێمەیە.

بێ: نابێ بە هەمان شێوە هەر وشەیەک لە وشەی شەیتان بچێ گۆی بکەین، بە نموونە وەک: قەیتان cordon، شەت fleuve، شەڕ mal.

ج: نابێ بە هیچ شێوەیەک ئەم وشانەمان بەسەر زاردا بێن:

مەلعون maudit، لەعنەت malédiction، نال fer à cheval و حەرام -mal édiction لە زمانی بازاڕیدا و هەروەها هەموو وشە لەیەکچووەکانی وەک ئەمانە.

٢٥- پێش هاتنی عیسا بۆ سەر دنیا، ئاینی ئێمە ناوی بتپەرستی -pag anisme بوو. جوولەکە، مەسیحی و موسڵمان، بە هەمان شێوە فارسەکان (مەزداییەکان)یش هەموو کات دوژمنی ئاینی ئێمە بوون.

٢٦- لەناو سەردارە کۆنەکانمان، یەکێکیان ناوی ئاهاب Ahâb بوو. فەرمانی بە هەمووان دا کە هەریەکە لە ئێمە ناوێکی تایبەتیی لێ بنێن و ئەوەی ئێمە لەم سەردەمە ناوی خوای ئاهاب یا بێلعەزاب بوو. ئەمڕۆ لای ئێمە بە ناوی پیربووب[٨٢] Pir-Bub ناسراوە.

٢٧- لە بابل پاشایەکی ترمان هەبوو ناوی نەبوخوزنەسر بوو، لە ئێران پاشا ئاسیۆرس و دواجار لە کۆنستانتینۆپل ئاگرینکالیۆس[٨٣] Agrinkalus بوو.

٢٨- پێش ئەوەی ئاسمان و زەوی دروست ببێ، خوا لەسەر زەریایەکاندا

---

٨٢. پیربووب: کەسایەتیی لە هەمووان پیرۆزترە لای ئێزیدییەکان. گڵکۆکەی ئەمڕۆ لەو دەڤەرەی کە ناوی ئەوی بەخۆوە گرتووە، زۆربەی جار ئێزیدییەکان بۆ حەج سەردانی دەکەن.

٨٣. نەمتوانی ناوی ئەم ئیمپراتۆرەی کۆنستانتینۆپل بە ناوی ئاگرینکالیۆس دەستنیشان بکەین. ڕۆهەڵاتییەکان ئەو هێندە وشە بێگانەکان لە زمانی خۆیاندا دەشێوێنن کە زۆر ئەستەمە بتوانی دووبارە بینای وشەکە بکەیتەوە.

هەبوو. پاپۆڕێکی دروست کردبوو کە بە هەوەسی خۆی پیاسەی بۆ هەموو لایەک دەکرد.

٢٩- خوا مرواریيەکی گەورەی دروست کرد کە ماوەی چل ساڵان بەر چاودێریی کرد، پاشا لێی تووڕە بوو شەقێکی تێ هەڵدا.

٣٠- وای لەو سەیروسەمەرەیە لە هەرا و زەنای چیایەکان و لە تۆزەکەی گردۆڵکەکان و لە دووکەڵەکەی ئاسمانی لێوە دروست بوو، هەڵمەکانیشی کە لێوەی هەڵدەستان ئاسمانیان دروست کرد. لەو کاتەوە خوا هەڵکشا بۆ ئاسمانەکان کە بەبێ ئەستوون بەست و راگیری کردوون.

٣١- بە کلیل زەوی و کەندەڵانەکانی کلۆم دا و پاشان قەڵەمێکی بەدەست گرت و ڕووداوەکانی دروستکردنی ئافەریدەکانی نووسییەوە.

٣٢- دواتر شەش خواوەندی لە زاتی خۆی و لە ڕووناکیی خۆی دروست کرد، بەڵام لەسەر هەمان ئەو شێوەیە دروستی کردن وەختایەک مرۆڤ لە چرایەکەوە چرایەکی تر دادەگیرسێنێ.

٣٣- یەکەمین خوداوەند بە دووەمی گوت: "من لە نەبوونەوە تەنیا ئاسمانم دروست کرد، هەرچی تۆ، هەڵبکشێ بۆ ئەوەی شتێک دروست بکەیت". ئەویش هەڵکشا بۆ ئاسمان و بوو بە خۆر. ئەویش هەمان شتی بە هی سێیەم گوت، ئەوەی سێیەمیش بوو بە مانگ. چوارەمیان بوو بە خولگە (مەدار)ی جەستەی ئاسمان، پێنجەمیان بوو بە ئەستێرەی بەیان و دواجار شەشەمیان بوو بە ئەتمۆسفێر.

## پاشکۆ

### فۆتۆگرافی تاووس مەلیک

ساڵی ١٨٣٧ وەختایەک رەشید پاشا شەڕێکی سەختی دژ بە ئێزدییەکان کرد و بەشێکی زۆری لێ قەتڵوعام کردن. تورکەکان ئەوپەڕی دژی داوونەریت و دادپەروەری ڕاوەستان. دەستیان کرد بە گڵاوکردنی هەرچی تایبەت بوو بە

پەرستنی ئێزدییەکان: پەرستگە، مەزار، شوێنی حەجکردن... هتد و چوار پەیکەری تاووس مەلیکیان برد کە هەموویان لە ئاسن بوون و کەم و زۆر هونەرمەندانە کاریان لەسەر کرابوو.

یەکێک لەم پەیکەرانە لەلایەن ئەفسەرێکی تورک لە بەغدا فرۆشرایە ئەنتیکەچییەکی موسڵمان، بە ڕەگەز کورد بە ناوی عالی Aly. چەند ساڵ دواتر، مەسیحییەکی دەوڵەمەند، بەڕێز فەتحوڵلا عەبوود کە زانیویە ئەمە پەرستنی ئێزیدییەکانە دەیکڕێ و دەیباتە لای خۆی. ئەمڕۆ ئەم پەیکەرە ئاسنە نەخشکراو (ڕازاوە) بە زێڕ و بە نەخشەسازیی زۆر ورد، لە ماڵی واریسەکانی فەتحوڵلا عەبوودە. ئێمە لەبەر ئەم پەیکەرە وێنەکەیمان گرتووە. ئەم پەیکەرە دەخرێتە بەرزاییی بەیداغێکەوە وەختایەک مەبەست لە هەڵگرتنی بێت وەک تاووس گێڕان[٨٤] procession پێی دەڵێن سەنجاق - بەیداغ یا ئاڵا، وەختایەکیش بۆ پیرۆزیی باوەڕدارەکان نیشانی بدەن لەبەر بەرزیی مۆمدانێکی مسین بە بەرزیی نزیکەی یەک مەتر هەڵی دەگرن و ئەو کاتە پێی دەڵێن تاووس مەلیک.

***

ئەوە هەموو ئەو شتانە بوو کە توانیمان لەبارەی ئەم دوو دەستنووسەوە باسیان بکەین. هیوادارین بتوانین دواتر بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە توانیومانە لە ماوەی گەشتەکانمان بۆ ناو خەڵکی ئەم تایەفە کۆیان بکەینەوە گوتارێک لەبارەی ئێزیدییەکانەوە بڵاو بکەینەوە.

---

٨٤. procession: واتەی تەوافکردن بە شتی پیرۆز لەناو کڵێسا یا لە دەرەوەی کڵێسا دەگەیەنێ، ئەگەر سەرچیخ نەچووبم ئەم وشەیە پراوپڕ بەرامبەر بە تاووس گێڕان دەوەستێ لای ئێزیدییەکان. وەرگێڕی کوردی.



La découverte récente des deux livres sacrés des Yézidis.





















La découverte récente des deux livres sacrés des Yêzîdis.



Anthropos VI. 1911.



La découverte récente des deux livres sacrés des Yézidis.



# پاشبەند

## سکاڵانامەی پیاوماقووڵانی ئێزیدی بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی

## ١٨٧٢

### بەندی یەکەم

بە گوێرەی ئاینی ئێمەی ئێزیدی، هەموو کەسێک لە تایەفەی ئێمە، بچووک یا گەورە، ژن یا کچ لەسەریەتی: لە ساڵێکدا سێ جاران: واتە یەکەمیان لە سەرەتای مانگی نیسانی ڕۆمی تا کۆتایی، دووەمیان لە سەرەتای مانگی ئەیلوول تا کۆتایی و سێیەمیان لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم تا کۆتاییەکەی، ئەگەر زیارەتی پیرۆزی ئیماژی مەلیک تاووس نەکات ئەوا ئەو کەسە کافرە.

### بەندی دووەم

هەموو کەسێک لە تایەفەی ئێمە گەورە و بچووک، ئەگەر ساڵی جارێک واتە لە پازدەی ئەیلوولی ساڵی رۆمی تا بیستی مانگ، زیارەتی حەزرەتی شێخ ئادی کوڕی موسافیر نەکات خوا ڕازە پەنهانەکانی بەرزتر بکات، ئەوا بە گوێرەی ئاینی ئێمە کافرە.

### بەندی سێیەم

هەموو کەسێکی تایەفەی ئێمە لەسەریەتی هەموو رۆژێک لە کاتی کازێوەی بەیاندا بچێتە شوێنی تاو هەڵاتن، بە مەرجێک هیچ کەسێکی موسڵمان، مەسیحی، جوولەکە یا هی تری لێ نەبێت، جا ئەگەر کەسێک لەوانەی لێ بێت ئەوە کوفرە.

## بەندی چوارەم

هەر کەسێکی تایەفەی ئێمە لەسەریەتی هەموو رۆژێک دەستی براکەی: برای دنیای ئاخیرەت[85] ماچ بکات، واتە دەستی خادمی ئاخر زەمان و دەستی شێخ یا پیرەکەی ماچ بکات و ئەگەر ئەمە نەکات دەبێتە کوفر لەسەری.

## بەندی پێنجەم

شتێک کە ناکرێ بە گوێرەی ئاینی ئێمە بەرگەی بگرین ئەوەیە کە سپێدان وەختایەک موسڵمانەکان لە کاتی نوێژدا ڕستەی وەک "اعوذ بالله" تا دواییەکەی دەڵێنەوە: جا ئەگەر یەکێک لە ئێمە گوێبیستی بوو ئەوا لەسەریەتی هەم ئاخێوەرەکە و هەم خۆیشی بکوژێ ئەگەرنا دەبێتە گاور.

## بەندی شەشەم

وەختایەک یەکێک لە تایەفەی ئێمە دەمرێ ئەگەر برایەکی ئاخیرەی، شێخەکەی یا پیرەکەی لەلا نەبێت کە یەکێک لە قەواڵەکان سێ قەواڵی لەسەر بخوێنێتەوە: واتە هۆ عەبتاوس، شای خاوەنشکۆ دەبێ لەسەر پەرستنی ئێمە بمرێت کە تاووس مەلیکە بەرز و پیرۆزتر بێت و نابێ لەسەر ئاینی تر بمرێت: جا ئەگەر کەسێک هاتو پێی گوتی موسڵمان یا مەسیحی یا جوولەکە یان لە هەر ئاینێکی دیکە بوو بەدەر لەم میللەتانە پێیان باوەڕ مەکە و باوەڕیان پێ مەهێنە، ئەگەر باوەڕت پێ کردن یا ئیمانت پێ هێنان بەبێ ئاینی پەرستراومان تاووس مەلیک ئەوا بە گاوری دەمرێت.

---

٨٥. هەر ئێزیدییەک شێخ و پیری تایبەت بە خۆی هەیە کە پێی دەڵێن برای ئاخیرەت واتە برای ئەو دنیای تر. جا وەختایەک ئێزیدییەک دەمرێ، ئەوا شێخەکەی دێت دەیشوا و کفن و دفنی دەکات. وەرگێڕ.

## بەندی حەوتەم

لای ئێمە شتێک هەیە ناوی بەرەکەتی شێخ ئادییە واتە خۆڵی بەرپێی شێخ ئادیّ خوا پیرۆزتری بکات. هەموو کەسێکی تایەفەی ئێمە لەسەریەتی برێک لەو خۆڵەی لا بێت و بیخاتە گیرفانی و هەموو سپێدەیەک لێی بخوات و ئەگەر بە ئانقەست نەیخوارد ئەوە گاورە، هەروا وەختایەکیش دەمریّ لە سەرەمەرگدا ئەگەر بە ئانقەست ئەو خۆڵە پیرۆزەی لا نەبێت بە گاوری دەمریّ.

## بەندی هەشتەم

لە تایبەتمەندێتییەکانی رۆژووی ئێمە ئەوەیە کە هەر کەسێکی تایەفەی ئێمە ئەگەر بیەویّ رۆژوو بگریّ: لەسەریەتی کە لە شوێنی خۆی رۆژوو بگریّ نەک لەلای دیکە، هەر بۆیە هەموو رۆژێک لە رۆژانی رۆژوو گرتن لەسەریەتی سبەینان بچێتە ماڵی شێخەکەی یا پیرەکەی و رۆژوو بگریّ: پاشان کاتی رۆژووشکاندن بە هەمان شێوە لەسەریەتی بچێتە ماڵی شێخەکەی یا پیرەکەی بە شەرابی پیرۆزی ماڵی ئەو شێخ یا ئەو پیرە رۆژوو بشکێنیّ و خۆ ئەگەر برِی دوو یا سیّ پەرداخی لەو شەرابە نەخواردەوە، ئەوا رِۆژووەکەی قەبووڵ نییە و دەبێتە گاور.

## بەندی نۆیەم

ئەگەر کەسێک لە تایەفەی ئێمە سەفەری دوور لە شوێنی خۆی کرد و بەلای کەمیەوە ساڵێکی تەواو لەو شوێنە مایەوە و دوایی گەرِایەوە شوێنی خۆی، ئەو کاتە حەرامە دەست بۆ ژنەکەی خۆی ببات و هیچ کەسێکیش نییە ژنی بداتیّ و ئەگەر کەسێکیش ژنی پیّ بدات ئەوا کوفر دەکات.

## بەندی دەیەم

لە تایبەتمەندێتییەکانی جلوبەرگی ئێمە ئەوەیە: وەک ئەوەی لە بەندی چوارەمدا باسمان کرد کە هەر کەسێک لە تایەفەی ئێمە برایەکی دیکە و خوشکێکی تری هەیە: بەم پێیە یەکێک لە ئێمە ئەگەر ویستی کراسێکی نوێ بکات، ئەوا لەسەریەتی کە خوشکەکەی تری یەخەی کراسەکەی بە دەستی خۆی بۆ بکاتەوە و ئەگەریش لە دەستی ئەودا یەخەکەی نەکردەوە و لەبەری کرد ئەوا کوفر دەکات.

## بەندی یازدەم

ئەگەر کەسێک لە تایەفەی ئێمە کراسێک یا پۆشاکێکی نوێی بۆ کرا بێ ئەوەی بە ئاوی پیرۆزی حەزرەتی شێخ ئادی قەدەسەهولَلا سرە پیرۆز بکرێ نابێ لەبەر بکرێ و خۆ ئەگەر لەبەریشی کرد ئەوا کوفرە.

## بەندی دوازدەم

پۆشاکی شینباو بە هیچ شێوەیەک نابێ لەبەر بکرێ: شانەی موسڵمان، مەسیحی و جوولەکە و غەیری ئەوانە ناتوانین هەرگیز سەرمانی پێدا بهێنین و هەروا ئەو مووسەش کە غەیرە ئێمە بەکاری دەهێنن ناتوانین سەرمانی پێ بتاشین، تەنیا ئەگەر بە ئاوی پیرۆزی حەزرەتی شێخ ئادی بیشۆینەوە ئەو کاتە ئەگەر سەریشمان پێ بتراشین جایزە و ئەگەر بەو ئاوە پیرۆزە نەشۆرابوو و سەرمان پێ تراشی ئەوا کوفرە.

## بەندی سێزدەم

هیچ ئێزیدییەک نابێ بچێتە ئاودەست و گەرماوی موسڵمانان و نابێ بە کەوچکی موسڵمانان بخوات و نابێ لە خواردنەوەی موسڵمان و غەیرە

میللەتانی تر بخواتەوە. ئەگەر چوو بۆ گەرماو، ئاودەست و بە کەوچکی موسڵمانان و ئەوانەی باسمان کرد نانی خوارد ئەوا کوفر دەکات.

## بەندی چواردەم

لەلایەنی خواردنەوە، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئێمە و میللەتانی تر هەیە: بۆ نموونە گۆشتی ماسی، کولەک، بامیە، فاسۆڵیا و لەهانە و خاس ئێمە نایخۆین و هەتا ئەو شوێنەی کە خاسی لێ شین بووە ناتوانین لێی نیشتەجێ بین.

لەبەر ئەم هۆیانە و هی تر ناتوانین بچینە ناو خزمەتی سەربازی و... هتد.

ناوی ئیمزاکارەکان

حوسێن، میری شێخان سەرۆکی تایەفەی ئێزیدی.

شێخ ناسر شێخی رۆحانیی تایەفەی ئێزیدییەکانی ناحیەی شێخان.

پیر سولێمان موختاری ئاواییی مام ڕەشان.

موسکان موراد موختار.

حەتارە ئەیوب موختار.

بیبان حوسێن موختار.

دەهکان حەسەن موختار.

حوزران نەعمۆ موختار.

باقەسرە عەلی موختار.

باعشیقە جەمۆ موختار.

خۆشابا ئەلیاس موختار.

کری پحن صغد موختار.

کەبارە کوچک قاسو موختار.

سینا عەبدۆ موختار.

عین سفنی کرکو موختار.

قەسر عیزەدین شێخ خەیرۆ موختار

کبرتۆ تاهیر موختار

و هی تر

ئەوانە ناو و پەنجەمۆریان لەو عەرز و حاڵەدا هاتووە کە لە پێشدا باسمان کرد و چەند شتێکمان لێ ڕاگوێزاوەتەوە.

سەرچاوە:

Lidzbarski, Mark, Ein Exposée der Jesïden. In der Zeitschrift der Deutschen Morgenländischen Gesellschaft. LI. Leipzig 1897, S. 93-597

# ئیندێکسی ناو و شوێن

## ئیندێکسی ناو*


ئا

ئاهاب: ٨٢

ئاگرینکالیوس: ٨٢

ئەنستاس ماریی کەرمەلیی: ٣-٤، ٥، ٨، ٢٥-٢٧، ٣٣-٣٤، ٣٧- ٣٨، (٥٨ پ) ، (٥٩پ)**

ئەنفەر:٧٧

ئەبتاوس: ٦٣

ئەولیا چەلەبی: ١٥

ئەهلی هەق: ١٨-٢٠، (٦٥ پ)

ئیڤانۆڤ: ٢٠

ئیبن خەلەکان: ١٢

ئانیسۆرس: ٢٢، ٨٢

ئۆ. ڤیلچڤسکی: ٢٨

ئەلفێنز (مسیۆنێر) :٢٤

ئاندروز (مسیۆنێر) :٢٤

ئۆ. هـ. پاری: ٢٤

ئی. گ. برۆون: ٢٤

ئەنزیۆر: ٢٨

ب

بەدرخان پاشا (بەگ): ١٦

بادجەر: ٢٢، (٢٣ پ)

بابیعالی: ١٥، ١٧-١٨

پ

پلانهۆل:١٤

پاشای کۆرە: ١٧

ت

تەزکەرەی ئەعلا: ١٩

ج

جیلوە (کتێبی) :٣، ٨، ١٣، ٢٠، ٢٤-٢٩، ٤٥، ٤٧، ٥٠، ٥٧، ٦٣، ٦٦ ، ٦٧


* لەم ئیندێکسەدا هەموو ناوە زۆر دووبارەبووەکانی وەک: ئێزیدی، ئێزیدییەکان، ئێزیدیاتی نەخراونەتە ناو ئەم ئیندێکسەوە.

**... (پ): واتە ئەم ناوە لە پەراوێزی ئەم لاپەڕەیەدا هاتووە.

جێرمیا شامیر: ٢٣، ٢٧
جوبرایل:١٩، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠

ح
حوسێن (میری شێخان): ١٠٥
حەلوانی: ١١
حەبیب (دواتر عەبدولمەسیح):٢١، ٤١–٤٦، ٤٩، ٥١–٥٢، ٥٦
حەمۆ (کتێبخانەوان): ٥٧

خ
خاستە (خاسە): ٨١، (٨١ پ)

د
داود الصایغ: ٢٥
دەردایل: ٧٧

ر
ڕەشاد میران : ٢٨–٢٩
ڕۆژەر لیسکۆ:١٠، ١٨
ڕەشید پاشا: ٨٣

ز
زاخاو (پرۆفیسۆر): ٩

ژ
ژان پاتێست شابۆ: ٢٤
ژوورنال ئازیەتیک: ٢٣

س
سوهرەوەردی: ١١
س. ژ. لامێن: ١٥
سوڵتان عەبدولعەزیز: ٩
سلێمان پاشا (والیی بەغدا) :١٦
سیوفی (جێگری کونسوڵی فرەنسا–مووسڵ): ١١، ٢٢، ٢٧
سیمینۆڤ: ٢٧

ش
شاکر فەتاح: ٢٨
شاپووری یەکەم: ١٠، ٨٠
شاپووری دووەم: ٨٠
شێخ ئادی:١٠، ١١–١٣، ١٥، ٢٢، ٢٤، ٢٥، ٧٩، ١٠١، ١٠٢،١٠٣، ١٠٤
شێخ حەسەن: ٢٨، ٧٧
شێخ عەبدولقادر گەیلانی: ١١
شێخ یوسف:١٧
شێخ ناسر: (٢٣ پ)، ١٠٥
شێخ عەبدوڵڵا ڕەبتەکی: ٢٩
شێخ فەخرەددین: ٢٩، ٨٠
شێخ شەمسەدین: ٧٧، ٨٠
شێخ ئەبوبەکر: ٧٧
شێخ ناسر (شێخی ناوچەی شێخان) ١٠٥:

ص
صدیق دەملوجی: ٢٧

ع
عەلی پاشا: ١٦
عیزرایل: ٧٧، ٧٩

عەبدولڕەحمان پاشای بابان:١٦
عومەر پاشا (کۆلۆنێل): ١٨
عیسا جۆزیف (دکتۆر) : ٢٤، (٢٥پ)
عەبباس ئەلعەزاوی : ٢٧، (٢٩پ)
عەبدوڕەزاق ئەلحەسەنی: ٢٧–٢٨
عیسا–مەسیح:٤٣،٤١
عەزیز قەس یوسف: ٥٥

ف

ف. فۆربر: ٢٢
فورلانی گیسیپ: ٢٧
فەتحوڵڵا عەبود: ٨٤
فرانسوا نوو: ١٢

ق

قرم (جەنگی): ٢٩

ک

کامپانیل: ٢١
کوردۆیڤ: ٢٨
کارتسۆڤ: ٢٣
کامبیز: ٨٠

گ

گیست:١٣، (٥٥پ)
گارزۆنی: ٢١

ل

لایارد: ٢٢–٢٣
لانزا: ٢١
لیۆن کراژوسکی (جێگری کونسوڵی فرەنسا–مووسڵ): ٢٥
لویی ماسینۆن: ٥٨
لویسی چواردەم: ١٥

م

ماکسیمیلیان بیتنەر (پرۆفیسۆر): ٨، (٥٩پ)
مەسحەفا ڕەش:٣، ٨، ١٩، ٢٢–٢٨، ٤٥، ٤٩–٥٠، ٥٧، ٧٧
محەمەد تاهیر بەگ (جەنراڵ): ٩
میشێل شوڤالیێ: ١١
مەلیک تاووس: ٢٠، ٦٣، ٧٧، ٧٩، ٨٠، ٨٣، ٨٤، ١٠١، ١٠٢
میشێل ڤیبر: ٢٠
مینگنە: ٢٦–٢٧

ن

ن. مار (ئەکادیمی): ١٠–١١
نەبوخوز نەسر: ٨٢
ناسرەدین (شامایل): ٧٧، ٨٠
نورایل (فەخرەدین): ٧٧
نەسرۆخ: ٨٠

هـ

هێنری کارمێن (پرۆفیسۆر) : ١٤

ی

یەزیدی کوڕی موعاویە: ١٤
یەزیدی یەکەم: ٢١

## ئیندێکسی شوێن


ئا

ئازەربایجان: ١١

ئەدیابین: ٢٧

ئەلقوش:٢٧، ٤١

ئەرمەنستان: ٢٨

ئەستەمووڵ: ٩

ئێران: ٨٢

(ب)

بەغدا: ٣٣-٣٤،٥١، ٥٩

بەرلین: ٩

بۆهتان (بۆتان): ١٦

بەعلەبەگ: ١١-١٣

بۆلۆنیا: ٢٧

بەیرووت: ٤٤

بۆزی: ٤١

(پ)

پاریس: ٢٤

(ج)

جەزیرە: ٤١

(ح)

حەلەب: ١٥، ٥٦

(خ)

خۆی:١١

(د)

دەچلە: ١١، ٤٧

دێرزوور: ٥٦

(ر)

ڕووسیا: ٢٨

ڕۆما: ٥٦

(س)

سووریا: ١٦

(ش)

شیراز: ٢٠

شام:

شـــەنگاڵ: ١١، ١٦، ٢٥، ٤٥، ٥٥، ٥٦، ٥٧

(ع)

عەنکاوە: ٢٧

(ف)

فرانسا: ١٦، ٣٣، ٥٥
فورات: ٤٧

(ق)
قەفقاز: ٢٩
قودس: ٧٩
(ڤ)

ڤیەننا:٨، ٣٨
(ک)

کۆڵۆمبیا (زانکۆ): (٢٥پ)
کۆنستانتینۆپل: ١٧، ٨٢
(ل)

لبنان:١١، ١٣، ٣٣
لالش:١١، ٢٥، ٧٩

(م)

ماردین: ٢٤
مووسڵ: ٩، ١١، ١٣، ٢١-٢٢، ٢٤-٢٥، ٥٥، ٥٦
میلانۆ: ٢٠
مۆسکۆ: ٢٨

(ن)
نەمسا: ٨، ٣٨

(و)
وان (گۆلی): ١١

(ه)
هەکاری (چیایەکانی): ١٣

پێڕست


پێشەکی ........ 7
کورتە باسێکی ئێزیدیناسی ........ 10
سەرچڵێک لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی ئەنستاس ماریی کەرمەلیی ........ 33
بەشی یەکەم: چەند تێبینییەک لەبارەی چیرۆکی دۆزینەوە و سروشتی... ........ 40
کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان ........ 45
وەسپی ئەو سندووقە پیرۆزەی کە دوو کتێبە پیرۆزەکەی تێدا هەڵگیراوە ........ 46
وەسپی کتێبی جیلوە ........ 47
وشەیەک لەبارەی مانای ئەم هێمایانەوە ........ 48
وەسپی دەستنووسەکە ........ 49
کام لەم دوو دەستنووسانە کۆنترن؟ ........ 50
حەبیب: ئەو ئێزیدییەی بە ناوی عەبدولمەسیح بوو بە مەسیحی ........ 51
مەرگی عەبدولمەسیح ........ 51
وەرگێڕاوی عەرەبیی کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان ........ 52
چارەنووسی کتێبە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکان دوای بڵاوکردنەوەیان ........ 53
دەستنووسێکی دووەمی عەرەبیی نووسراوەکانی ئێزیدییەکان ........ 55
وەچنگخستنی دەستنووسە ئۆرجیناڵەکان ........ 56
چۆن نووسینە ئێزیدییەکانم لێکدایەوە ........ 58
دیالێکتی پیرۆزی کۆنی ئێزیدییەکان ........ 58
وشەیێک لەبارەی ئەلفوبێی ئێزیدیاتییەوە ........ 60
ئەلفوبێی ئێزیدییەکان و ترەنسکریپسیۆنەکەی ........ 62
کتێبی یەکەم: جیلوە ........ 63
کتێبی دووەم: مەسحەفا ڕەش ........ 77
سکاڵانامەی پیاوماقووڵانی ئێزیدی بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی ........ 101
ئیندێکسی ناو و شوێن ........ 107